# وەدەستهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی

## لە کتێبە دەرسییەکانی قۆناخی سەرەتایی قوتابخانە کوردییەکاندا*

ئۆفرا بەنگیۆ

و: ئیبراهیم سالحڕاد

ئەم وتارە لێکۆڵینەوەیەکی چۆنیەتی-بەراوردکاری (Qualaitativ and comparative)یـە کـە سەبارەت بە کتێبە دەرسـییەکانی قوتابخانە کوردییـەکان لـە ناوچەخودموختارەکانـی کوردستانی سـووریە و هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەنجام دراوە. ئەو جیاوازییە رووکەشی و ئیدئۆلۆژیکییانـەی لە نێوان ئەو دووکۆمەڵە کتێبـەدا بەرچاوەدەکـەون، بـۆ هەلومەرجە مێژوویـی و هێـزە سیاسـییەکانی تایبەت بـە هەرکام لـەو دوو ناوچانـە دەگەڕێنەوە. بەوحاڵەش، سـەرەڕای دژایەتیی ئاشـکرای رێبەرایەتیـی رۆژاوا لەگـەڵ ناسـیۆنالیزم و بەڵێنـی حکوومەتـی هەرێمی کوردسـتانی عێراق بۆ ڕێزگرتنـی دەوڵەتەکانی ناوچەکە، نێوەرۆکی هەردووکی ئەو دوو کۆمەڵە کتێبە ئەوە نیشان دەدەن کە حیزبە فەرمانڕەواکانی هەرکام لـەو دوو ناوچانـە، جۆرێکی جیاواز لە ناسـیۆنالیزمی کـوردی دەبەنە پێش، کە مەبەستی هەردووکیان بریتییە لە پەرەپێدانی ناسنامەی نەتەوایەتیی کوردی (Pan Kurdish Identity).

سیسـتەمەکانی پـەروەردە و فێرکرن بە گشـتی و کتێبـە دەرسـییەکان بەتایبەتی، بایـەخ و گرینگییەکـی لەرادەبەدەریـان لەسـەر بڵاوکردنەوەی زانیاری و پەروەردە و فێرکردنـی منداڵان لە سـەر بنەما فکری و سیاسییەکانی هەر جۆرە حکوومەتێک هەیە. ئەو پەیامە سـەرەکییەی کـە رێژیمەکان لە دەوڵەت-نەتەوەکاندا، هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی دەدەن، بریتییە لە پەرەپێدانی ناسـیۆنالیزم، بەکارهێنانـی کتێبـە دەرسـییەکان وەک پلاتفۆرمێـک بۆ گۆشـکردن وهەڵخراندن و مۆبیلیزە کردنی سیاسـی و بۆ چاندنی تۆوی ئینتیمای نیشـتمانی و وەفاداری بەرانبەر بە دەوڵەت و بە کاربەدەسـتان یا فەرمانڕەوایانی وڵات.[۱] لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییـدا هەرگیز خاوەنـی دەوڵەتێکی ڕەسـمیی تایبەت بەخۆی نەبووە، کوردەکان پەیرەوییان لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ڕەسمی و دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمانە کردووە کە لە ژێر دەسـەڵاتیاندا ژیاون. لە بەشـی هەرە زۆری چەرخی بیسـتەمدا، کـوردەکان قەت ڕێگای ئەوەیان پێ نەدراوە کە سیسـتەمێکی پەروەردەییـی تایبـەت بە خۆیـان پەرە پێ بدەن، چ بگا بەوەی کە بتوانن لەو سـیمبول و هێمایانـە کە لە زمان و کولتووری کوردیدا بە نیشـانە و ڕەمزی ناسـنامەی نەتەوەییی جیاوازی خۆیان دادەنرێـن، کەڵک وەرگرن. وەک بەشێک لە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و حاشـاکردن لە مەوجوودییەتی کورد لەلایەن حکوومەتەکانـی تورکیە، ئێران، سـووریە و عێراقەوە کە لە ڕوانگەی کوردەکانەوە بەسەر کوردستانی گەورەدا زاڵن، منداڵانی کورد ناچار بـوون لەو کتێبە دەرسـییانە کەڵک وەرگرن کە ئیدئۆلۆژیی ناسیۆنالیسـتی و سیاسـەتی ناوەندگەرایانـەی حکوومەتـە ناوبراوەکان لە نێویاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەهۆی قەدەغەبوونی بەکارهێنانی زمانی کوردی چ لە قوتابخانە و چ لە شێوەی گشتیی خۆیدا، کوردەکان ناچاربوون کە تەسلیمی سیاسەتەکانی تەعریب، تەفریس و بە تورک کردن بن. سەرەڕای هەموو ئەوانە، لەو چەند دەیەی دواییدا کوردەکان لە عێراق و سـووریە، توانیویانە یەکەی سیاسیی ئەوتۆ دامەزرێنن، کە دەرفەتیان بۆ دروسـتکردنی سیستەمێکی پەروەردەییی کوردی پێکهێناوە کە بۆ وەدەستهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوەییی ئەوان تێبکۆشی.

ئـەو وتـارە لێکۆڵینەوەیەکی چۆنیەتی-بەراوردکارییە سەبارەت بە کۆمەڵێک لەو کتێبە دەرسییانە کە لە قۆناخی سەرەتاییی قوتابخانە کوردییـەکان، لـە ناوچـەی خودموختاری باکووری سـووریە واتـە رۆژاوا و لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. وتارەکە بە مەبەسـتی دەستنیشانکردنی ئەو هەوڵانەی کـە پاش دامەزرانی خودموختاری لـەو ناوچانەدا لـە ڕێگای ئـەو کتێبانەوە بۆ

دروستکرنی ناسنامەیەکی کوردی، جیاواز لە ناسنامە عەرەبی-سووری یا عەرەبی-عێراقی هاتوونە ئاراوە، نێوەرۆکی ئەو کتێبە دەرسییانە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لە کاتێکدا کە پێشتر لێکۆڵینەوەی لەو چەشنە لەسەر کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی لەلایەن شێرکۆ کرمانجەوە[۲] ئەنجام دراون، هێشتا لێکۆڵینەوەیەکی لەو جۆرە لەسەر کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوا، نەکراوە. وتارەکە تێدەکۆشێ لە ڕێگای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی نێوەرۆکی ئەو کتێبە دەرسییانەی کە لە ناوچەی ڕۆژاوای کوردستاندا دەخوێندرێن ، ئەو بۆ شاییە پڕکاتەوە. هەر بۆیە ئەو لێکۆڵینەوەیە کە کتێبە دەرسییەکان لەو دوو ناوچانەدا بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە لەگەڵ یەک هەڵدەسەنگێنێ و شی دەکاتەوە، بە لێکۆڵینەوەیەکی بێ وێنە لە قەڵەم دەدرێ. هەر بەو جۆرە ، لە ڕێگای بەراوردکردنی کتێبەدەرسییەکان لە هەردووکی ئەو ناوچانەدا، ئەو لێکۆڵینەوەیە لەو بارەیەشەوە بێ وێنەیە کە نەک هەر تێدەکۆشێ جیاوازی و لێکچونەکانی نێوان ئەو پەیامانە دەرخات کە ئەو کتێبە دەرسییانە دەیانهەوێ بیانگەیەننە نەوەی تازە، بەڵکوو ئەو ئەو جیاوازییە سیاسی و ئیدئۆلۆژییانەش دەستنیشان دەکات کە ئیلیت و نوخبەی فەرمانڕەوا لەو دوو ناوچەیەدا لەو چەند دەیەی دواییدا ویستوویانە بیانبەنە پێش.[۳]

ئەو وتارە ئەوە نیشان دەدات کە سەرەڕای جیاوازییەکانی نێوان ئەو کتێبە دەرسییانە لەگەڵ یەکتر و هەروەها ئەو ناکۆکییە ئیدیۆلۆژی و ناتەباییانەی کە لە نێوان قازانج و بەرژەوەندییە سیاسییەکانی هەردوو لادا دەبینرێ، ناسیۆنالیزمی کوردی و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی ناسنامەی نەتەوایەتیی کوردی، بەسەر نێوەرۆکی هەردوو جۆری ئەو کتێبە دەرسییانەدا زاڵە. لە لێکۆڵینەوەکەمدا ئەوە دەردەخەم کە نێوەرۆکی کتێبەدرەسییەکان، ئەو ناتەباییانە نیشان دەدەن کە کورد لە پرۆسەی نەتەوەسازیی خۆیدا لەگەڵیان دەستەویەخەیە. ئەو ناتەباییانە لە ئاکامی ئەو وەزعە ناسازگار و سەخت و دژوارەدا سەریان هەڵداوە کە نەتەوەی کورد لە نێویاندا دەژی. لە هەمان کاتدا کە بە بەشێک لە دەوڵەتە غەیرە کوردییەکانی ئەو ناوچەیە بە حیساب دێ، وەک کوردستانی گەورەش دەخرێتە زەینەوە و سەیر دەکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەوە ئاکامی ئەوەیە کە ئیلیتی سیاسیی کورد لە پەیوەندی دەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا، خاوەنی ئیدیۆلۆژییەکی ڕوون و ئامانج و پەیامێکی سیاسیی هاوبەش و ئاشکرا نییە و لەگەڵ هێندێک ناتەبایی سیاسی و کەموکووڕی بەرەوڕوویە، کە هەمووی ئەوان بە جۆرێک لە نێوەرۆکی ئەو کتێبە دەرسییانەدا، ڕەنگیان داوەتەوە.

## ئەودیوی «فێریان بکەن ببنە عەرەب» (TEACHING THEM TO ARABIZE)

ئەفسەرێکی وەزارەتی دیفاعی سووریە بەناوی محەمەد تالیب هیلال، ساڵی ١٩٦٣ی زایینی، بەڵگەنامەیەکی سیاسیی بڵاوکردەوە. ناوبراو لەوێدا ترسی خۆی لە «مەترسی»یەک دەردەبڕێ کە وەک هەڕەشە لەسەر ئوستانی جەزیرەی سوورییە بەحیساب دێت. ئەو مەترسییە لە ڕوانگەی ئەوەوە لە هەبوونی کورد لەو ناوچەیەدا سەرچاوەدەگرێ. (دواتر ناوی جەزیرە بوو بە حەسەکە و ئێستاش وەک بەشێک لەو ناوچەیە دادەنرێ کە بە ڕۆژاوا دەناسرێ). ئەو بەڵگەنامەیە داوا لە دەوڵەتی ئەوکاتی سووریە دەکا کە نەخشە و گەڵاڵەیەکی ڕوون بۆ «بنبرکردن»ی ئەو «پێکهاتە بیانییانە» ئامادە بکات کە لەو ناوچەیەدان.[۴] بە وتەی هیلال، سێ هۆکار لەگۆڕێدان کە ڕەنگە ببنە هۆی دروست بوونی کوردستان هەر بەوجۆرەی کە یەهوودستان (واتە ئیسرائیل) دروست بووە. ئەو سێ

هۆکاره بە گوێرەی باسەکەی ناوبراو بریتین لە ئیمپریالیزمی ڕۆژاوا، شۆڕشی ئەوەمی کوردستانی عێراق و ئەو هەستی نەتەوایەتییە کە لە نێو لاوانی کوردی سووریەدا هەیە. ناوبراو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە حکوومەتەکانی پێشووی سووریە، هەوڵیان داوە «لە ڕێگای خوێندن و فێربوونەوە کوردەکان بکەنە عەرەب». بەڵام سەرەنجام «ئەو خوێندن و فێربوونە، بە ئیزافەی ئەو چەکە ڕاستەقینەیەی کە بە شێوەیەکی زیندوو پێیانە، لە دەستی ئەواندا بووەتە یەکەمین چەکی فکری و ئیدیۆلۆژیک». لێرەدا ناوبراو دەڵێ کە «ئێستا ئەو نەوە خوێندەوار»ە بۆخۆی بووەتە سەرچاوەی سەرەکیی مەترسی.[۶]

لەئاکامدا، هیلال بردنەپێشی هەرچی زیاتری سیاسەتی بەعەرەبکردن، بە شێوەیەکی پڕ لە توندوتیژی و پەلامار، وەک پلانێکی ورد بۆ لەنێوبردنی ئەو مەترسییە پێشنیار دەکات. بێبەشکردنی کوردەکان لە دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتەکانی کار، وەڕێخستنی کەمپەینێکی تەبلیغاتیی «گەورە» و« توند»بە دژی کوردەکان لە نێوعەرەبەکاندا، تەشویق و هاندانی وەدەرنانی کوردەکان لە ناوچەکە و نیشتەجێکردنی عەرەبەکان لە شوێنی ئەوان و سەرەنجام چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ئاژاوە لەنێو کوردەکاندا، بەشێک بوون لە نێوەڕۆکی ئەو پلانە.[۷] بەڵام جەوهەری ئەو پلانە، ئەو سیاسەتە بوو کە حکوومەت دواتر لە پەیوەندی دەگەڵ سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە ناوچە کوردییەکاندا گرتییەپێش. واتە سیاسەتی پشتگوێخستنی (السیاسه التجهیل) منداڵانی کورد و بێبەش کردنیان لە خوێندن، لە ڕێگای خۆبواردن لە دروستکردنی قوتابخانە و کردنەوەی ناوەندەکانی دیکەی خوێندن و فێربوون لە ناوچەکەدا. هیلال لە پەیوەندی دەگەڵ پاکانەکردن بۆ ئەو پلانەی خۆیدا دەڵێ: «نەوەی نوێی کورد لەباری ئیدیۆلۆژییەوە پڕئەنگیزە و بیروباوەڕە، ئینتیمای نیشتمانی و وڵاتپارێزیی تێدایە و ئامادەی ئەنجامدانی هەر چەشنە کارێکە لە پێناو ئەو ئامانجەدا». ئەو لەوەش زیاتر دەڕواتە پێش و دەڵێ سیاسەتی حکوومەت بۆ «فێرکردن و بەعەرەبکردن» ی ئەوان نیشانی داوە کە سەرکەوتوو نەبووە. لێرەدایە کە ناوبراو لەسەر پێویستیی بێبەشکردنی تێکڕای منداڵانی کورد لە خوێندن و فێربوون پێ دادەگرێ.[۸]

پاش دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆ لە سووریە لە ساڵی ۲۰۱۸دا و دوای بڵاوبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامە کە لەئاکامی کشانەوەی حکوومەت لە ناوچەکانی باکووری سووریەدا کەوتنە بەردەست، دەرکەوت کە حکوومەت لە ئاستێکی بەریندا، ئەو ڕاسپاردانەی هیلالی وەک سیاسەتێکی ڕەسمی بەڕیوە بردووە. ئەو بەڵگەنامانە ڕادەی ئەو سەرکوت و چەوسانەوەیان ئاشکراکرد کە کوردەکان هەر لە سەرەتای ساڵەکانی ۱۹۶۰ەوە دەگەڵی بەرەوڕوو بوون. لە پەیوەندی دەگەڵ ڕەنگدانەوەی ڕاسپاردەکانی هیلال لە سیاسەتەکانی حکوومەتدا، یەکێک لە بەڵگەنامەکان هەرچەشنە تەعبیر کردن و نیشاندانێکی فەرهەنگ و کولتووری کوردی بە «خیانەت» لەقەڵەم دەدا، ئەوە لە کاتێکدایە کە لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا، هەموو چالاکییەکی «نەتەوایەتی»ی کوردی وەک تاوان بە حیساب دێنێ. ساسەتی ڕەسمیی حکوومەت بۆ تەعریبی ناوچە کوردییەکان، لەو بەڵگەنامانەشدا دەکەوێتە بەرچاو کە لەواندا حکوومەت داوا لە شارەدارییەکان دەکات پێش لە کڕین و فرۆشتنی مڵک و زەویوزار لەلایەن کوردەکانەوە بگرن. لەوەش زیاتر لەو بەڵگەنامەیەدا داوا دەکرێ کە بەمەبەستی «کەمکردنەوە»ی ڕێژەی کوردەکان، عەشیرەتە عەرەبەکان هان بدرێن بۆ نیشتەجێبوون، ڕوو لەو ناوچانە بکەن کە ڕێژەیەکی زۆریان کورد تێدایە.[۹] مامۆستایەک

لە ڕۆژاوا لەساڵی ٢٠١٥دا، بەو جۆرە ئەزموونی خۆی لە سیاسەتی تەعریبکردن لە قوتابخانە حکومییەکانی سووریەدا دەگێڕێتەوە و دەڵێ: «ڕەوتی تەعریب لە چەند قۆناخدا جێبەجێ کرا. ئەگەر کەسێک بە کوردی لە قوتابخانەدا قسەی کردبا، بۆ هەر وشەیەکی کوردی کە لە دەمی دەهاتە دەر دەبوایە چەند لیرەی سووری جەریمە بدات».[١٠] بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ، ڕێژیمی بەعس نەیدەهێشت منداڵانی کورد فێری کوردی بن، ناوی کوردی لەو منداڵانە بنرێ کە لە دایک دەبوون یا کتێب و نوسراوەی دیکە ب ەزمانی کوردی چاپ و بڵاو بکرێنەوە.[١١] ئەو سیاسەتی تەعریبە، جیا لەهێندێک ئاڵوگۆڕی ناوبەناو، تا دەستپێکردنی ڕاپەڕین لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١١دا، درێژەی هەبوو کە کۆتایی بە دەسەڵاتداریەتیی حکوومەت بەسەر ناوچە کوردییەکاندا هێنا.[١٢]

بەهۆی یاسای ژمارە٧٤ی ساڵی١٩٣١ی زایینییەوە، کە لەلایەن حکوومەتی پاشایەتییەوە لە عێراق سەبارەت بە زمانە ناوچەییەکان پەسندکرابوو، لەباری تیۆرییەوە، وەزعی خوێندنی کوردی لە عێراق لەچاو سووریە باشتربوو. بە گوێرەی ئەو یاسایە زمانی کوردی شان بەشانی زمانی عەرەبی لەو جێگایانەدا کە ئەودەم پێیان دەگوترا ویلایەتەکانی موسڵ، ئەربیل و کەرکووک وەک زمانێکی ڕەسمی ناسرابوو. ئەو ویلایەتانە هەموو ئەو ناوچانە دەگرنە خۆ کە ئەمڕۆ بە ناوچەی هەریمی کوردستان و ناوچە هاوسێکانی دەورووبەری دەژمێردرێن.[١٣] بە گوێرەی ئەو قانوونە، زمانی کوردی دەبوایە لەو ناوچانەدا، بۆ خوێندن و فێربوون، بەڕێوەچوونی کاروباری ئیداری و دادگاکان، کەڵکی لێ وەرگیرابا. بەوحاڵەش لە کردەوەدا زۆربەی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق خۆیان لە وەبەرچاوگرتنی ئەو یاسایە دەبوارد.

لە ساڵی ١٩٦٨دا، پاش ئەوەی حکوومەتی بەعس، دەسەڵاتی خۆی جێگیرکرد، بۆ کۆتایی هێنان بەو ڕاپەڕینە کە لەساڵی ١٩٦٠ وە لەئارادا بوو، ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستان مۆرکرد. ئەو ڕێکەوتننامەیە، ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان لە هێندێک بەشی باکووری عێراقدا بەڕەسمی ناسی. لەوەش زیاتر مەوقعییەتی زمانی کوردیشی وەک زمانی یەکەم لەو ناوچانەدا کە زۆربەی حەشیمەتەکەیان کوردە و وەک زمانی دووهەم لە ناوچەکانی دیکەدا، دەستەبەر کرد. کەچی پاش تێکشکانی ڕاپەڕینێکی دیکەی کوردەکان لە ساڵی ١٩٧٥دا، حکوومەتی بەغدا بە شێوەیەکی زۆر توند و پەلاماردەرانە، دەستی کرد بە پیادەکردنی سیاسەتی تەعریب و بەبەعسی کردنی ناوچەکە. ئەگەرچی لەباری نەزەرییەوە حکوومەتی بەعس ڕێگای دەدا کە منداڵانی کورد لە قوتابخانە کوردییەکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانیدا دەرس بخوێنن، بەڵام لە کردەوەدا لە ڕێگای بەکارهێنانی ئیمتیازات و سەرکوت و زەبروزەنگەوە، دایک و باوکەکانی هان دەدان کە منداڵەکانیان لەو قوتابخانانەدا کە خوێندن و فێربوون بە زمانی عەرەبی بوو، وەبەرخوێندن بنێن. لەهەمان کاتدا، خوێندنی کوردی لە ناوچەکانی سەر بە پارێزگاکانی کەرکوک (کە دواتر ناوی نرا تەئمیم) دیالە، سەلاحەدین و موسڵ(نەینەوا)دا لە ساڵی ١٩٧٦ وە تا ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی بەتەواوی قەدەغە کرا. مامۆستایەک لە هەولێر لەساڵی ٢٠٠٥دا، بەو شێوەیە باس لەو بارودۆخە دژوارە دەکات کە ناوبراو لەسەردەمی ڕێژیمی بەعسدا، بەتایبەت لەسەردەمی شەڕی ئێران و عێراق، لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٨دا تێیدا ژیاوە. پۆلەکان پڕبوون. هەر کلاسەی زیاتر لە پەنجا قوتابیی لەخۆ دەگرت کە ڕۆژانە لە سێ تا چوار شیفتدا دەوامیان دەکرد. لەو قوتابخانەیەدا وا ئەو

کاری دەکرد، خوێندن بە کوردی قەدەغە بوو. هێزە ئەمنیەتییەکان، قوتابییە عەرەبەکانیان بۆ جاسوسی و خەبەرچینی بەکار دەهێنا. پۆلەکانیان کردبوو بە « قەفەسی مامۆستایان». قوتابییانی پۆلی هەشتەم لە قوتابخانەدا دەمانچەیان پێ بوو. بەجۆرێک کە «پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا، جیا لە هەوڵی مامۆستاکان بۆ ڕازی کردنی ئەو گانگستەرانە، شتێکی دیکە نەبوو». ئەو وەزعە پاش دەستپێکردنی شەڕی خەلیج لەساڵی ١٩٩١دا، کاتێک سەرۆک سەددام حسێن ناچاربوو سوپا و دامودەزگا ئیدارییەکانی حکوومەت لەو ناوچانەدا، کە لەباری نەزەرییەوە بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەزانران، بکێشێتەوە، ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات. لە ئاکامدا کوردەکان توانییان ئیدارەیەکی ڕاستەقینە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانی خۆیان پێک بێنن کە ئەمڕۆ وەک ناوچەی هەرێمی کوردستان ناسروە.

## ڕۆژاوا و حیزبی کرێکارانی کوردستان

مولازم موحەمەد تالیب هیلال، لە کتێبەکەی خۆیدا کە لە ساڵی ١٩٦٣دا بڵاو کرابووەوە و پێشتر باسمان کرد، ئەو بیرۆکەیە دێنێتە گۆڕێ کە دامەزرانی دەسەڵاتی کوردی لە عێراق، دەبێتە هۆی ئەوەی کاردانەوەی لەسەر کوردەکانی سووریەش هەبێ و بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین هانیان بدات. هەر بۆیە ناوبراو لە کتێبەکەیدا پێشنیار بە حکوومەتی سووریە دەکات کە لە ڕێگای نیشتەجێکردنی عەرەبەکانەوە، «پشتێنەدیەکی عەرەبی» بە درێژایی ناوچە سنورییەکانی باکووری سووریە، بکێشێ تا پێش بە نفوز و کاریگەریی ڕووداوەکانی ئەودیوی سنور لەسەر وەزعی ناوخۆی ئەو ناوچانە بگرێ.[١٥] بە هاتنەسەرکاری حافز ئەسەد و قایم بوونی شوێن پێی دەسەڵاتداریەتیی حیزبی بەعس، سیاسەتی سووریە بوو بە پاڵ

پێوەنانی کۆمەڵگای تا ڕادەیەک بچووکتری کورد لەو وڵاتە، بۆباوەشی»براگەورەکان»ی واتە کۆمەڵگای گەورەتری کوردی لە عێراق و تورکیەدا. [١٦]

حافز ئەسەد بۆ بەربەرەکانێ دەگەڵ باڵەکەی دیکەی بزووتنەوەی بەعس، کە لە لایەن نەیارەکانییەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، پشتیوانیی لە شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق بە ڕێبەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و حیزبەکەی، واتە پارتی دێموکراتی کوردستان(Kdp) کرد. پاش شکانی شۆڕشی کورد لەساڵی ١٩٧٥دا، سووریە نەک هەر پەنای دا بە پارتی دێموکراتی کوردستان، بەڵکوو ڕەقیب و نەیارە تازە دامەزراوەکەی پارتیش واتە(PUK) یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیشی پەنادا. سیاسەتەکانی حافز ئەسەد واتە ڕێگادان بە چالاکی و تێکۆشانی حیزبە کوردییەکان، بوو بە هۆی ئەوەی کە کوردەکانی سووریە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بکەونە ژێر نفووز و کاریگەری و ئیدیۆلۆژیی ئەو بزووتنەوانەی کە لەودیوی سنورەکانەوە سەرچاوەیان دەگرت.

لەساڵەکانی ١٩٨٠دا دەرکەوت کە نفووز و کاریگەریی بزووتنەوەی کورد لە تورکیە لەسەر کوردەکانی سووریە، لەچاو نفوز و کاریگەریی ڕەقیبەکانیان لە عێراق، زۆر زیاترە. لە سەرەتای دەیەی هەشتاوە، حیزبی کرێکارانی کوردستان لە تورکیە، ڕاپەڕینێکی بە دژی کۆماری تورکیە دەست پێ کرد کەئەوە بۆ چەند دەیە دەچێ بەردەوامە. لە ساڵی ١٩٨٠دا، حافز ئەسەد لە سووریە پێشوازیی لە دامەزرێنەری PKK، عەبدوڵلا ئۆجەلان و دامودەزگا و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کرد. لەوەش زیاتر ئەسەد کوردەکانی سووریەی هان دا کە نەک هەر پشتیوانی لە PKK بکەن، بەڵکوو بچنە ناو ڕیزەکانیشیەوە. سووریە لە بردنە پێشی ئەو ستراتێژییەدا بە دوای دوو ئامانجەوە

بوو. یەکـــەم ئەوە کە ســـەرنجی کوردەکانی سووریە لەسەر مەســـەلە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتە، بەتایبەت مەسەلەی کوردەکانی ئەوێ دوور بخاتەوە. هەروەها پاڵپێوەنان و هاندانیان بۆ شـــەڕ بە دژی تورکیە، کـــە ئەودەم وەک نەیاری ســـووریە چـــاوی لێ دەکـــرا.[١٧] بەو جۆرە پارتی کرێکارانی کوردســـتان بۆ ماوەی ٢٠ ســـاڵ حزوورێکی پڕڕەنگی لە سووریەدا هەبوو تا سەرەنجام لە ساڵی ١٩٩٨دا لەگەڵ ڕێبەرەکەی ئۆجەلان لەو وڵاتە وەدەرنران. بە وتەی ســـەرچاوەیەکی تـــورک و بە نەقڵ لە یەکێـــک لەفەرماندەکانی PKK، لەو ماوەیەدا کە PKK لە ســـووریە بـــووە، نزیکەی ٨٠٠٠ تـــا ١٠٠٠٠ «لایەنگـــری چەکـــدار»ی لەوێ هەبـــووە.[١٨] ئەمەش بووە هـــۆی ئەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردســـتان، کاریگەرییەکی زۆر و درێژخایەنی لەسەر کوردەکانی سووریە هەبێ. بەو جۆرە، ئەوە لەچاو پارتی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانی کە پێشتر لەوێ بنکـــە و بارەگایان هەبـــوو، بۆخۆی بۆ PKK وەک ئیمتیازێکی گەورە بە حیســـاب دەهات. بەتایبەت کاتێـــک کە ئەو دوو هێزە لە ســـاڵی ١٩٩١دا ئیدی ناچاربوون ناوەندی کار و چالاکی و بنکە و بارەگاکانیان بۆ عێراق بگوێزنەوە.[١٩]

کاتێـــک PKK لـــە ســـووریە لە ســـاڵی ٢٠٠٣دا پارتـــی یەکیەتیـــی دێموکڕاتی واتە PYDی وەک لقێکـــی خـــۆی دامەزرانـــد، نفوز و دەســـەڵاتی هێندەی دیکەش پەرەی ئەســـتاند. بەرەبـــەرە PYD دەســـتی کرد بە دروســـتکردنی ڕایەڵەیەکـــی کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیـــەدا کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ ڕۆژاوا. لە ســـاڵی ٢٠١١ وە کە دەســـەڵاتی حکوومەتی بەشار ئەســـەد بەســـەر ناوچە کوردییەکاندا بەرەو لاوازی ڕۆیشـــتوە، ململانێ و شـــەڕی دەســـەڵات لـــەو ناوچەیەدا لە نێـــوان پارتی کریکارانی کوردســـتان و پارتـــی دێموکڕاتی کوردســـتاندا، لەرێگای حیزبـــە کوردییەکانی «لایەنگـــر»ی خۆیانـــەوە لە ســـووریەدا، واتە پارتـــی یەکیەتیی دێموکڕاتـــی و ئەنجومەنی نەتەوایەتیی کـــورد، بەردەوام لـــە ئارادابووە. لە هاوینی ســـاڵی ٢٠١٢ وە بەرەبەرە PYD لەو ناوچەیەدا دەســـتێکی باڵاتری پەیداکرد. ئەمەش هەلومەرجی ئەوەی بۆ ڕەخســـاند کە بتوانـــێ ئۆتۆنۆمی لەو ناوچەیەدا دامەزرێنێ و سەرەنجام سیســـتەمێکی جیاواز بۆ خوێندن و فێربوون دروســـت بکات کـــە دوور بێ لەو سیاسەتی تەعریبەی کە لە لایەن حکوومەتی ناوەندی لە دیمەشقەوە ئاراستە دەکرا. کتێبە دەرســـییەکان لـــە ڕۆژاوا جیاوازییەکی زەق و بەرچاویـــان لەگەڵ کتێبە دەرســـییەکانی هەرێمی کوردســـتانی عێراقدا هەیە. هەرکام لەوان ئەزموونـــە مێژووییـــە تایبەتییەکانی هەریەک لـــەو ناوچانە دەردەخـــەن. لەوەش زیاتـــر ململانـــێ و ناکۆکییەکانی نێوان هێزە سیاســـییەکانی زاڵ لەو ناوچانـــە و ڕوانگە و ئیدیۆلـــۆژی و دونیابینیـــی جیـــاوازی ئەوان نیشان دەدەن.

## دامەزرانی سیســـتەمەکانی خوێندن و فێربوونی کوردی

دامەزرانی ســـیتەمی نوێی خوێندن، گۆڕینی زمان و کتێبە دەرســـییەکان، لە کاتی خۆیدا بۆڕێبەرایەتیی کورد لە عێراق و سووریە، کارێکی هێندە ئاســـان نەبوو. کاتێک ڕێژیمی بەعس دەســـەڵاتی خۆی لەســـاڵی ١٩٩١دا، بەسەر کوردســـتانی عێراقدا لەدەست دا، حکوومەتی تازە دامەزراوی هەرێمی کوردستان، پرۆسەی گۆڕینـــی کتێبە دەرســـییەکانی ســـەردەمی بەعس و پەرەپێدان و بردنەپێشـــی خوێندنی کوردیـــی لـــە قوتابخانەکانـــدا دەســـت پێ کـــرد. لەوبارەیەوە هەنـــگاوی یەکەم لەلایەن چالاکانی کوردەوە لە دیاســـپۆرا هەڵێنرایەوە. ئەوان ئەو کتێبە دەرســـییە کوردییانەیان، کە لە سوید بۆ فێرکردنی خوێندن و نووسین بە زمانـــی دایک بە منداڵانی کورد، کەڵکیان لێ

وەردەگیرا، بە قاچاخی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی تازە دامەزراو گواستەوە. لەوەش زیاتر ئەوان نەخشەی کوردستانی گەورەشیان، کە هەموو پارچەکانی کوردستانی بەسەر یەکەوە نیشان دەدا، لە ژمارەیەکی زۆردا گەیاندە ئەو ناوچەیە کە لەگەڵ پێشوازییەکی گەرم بەرەوڕوو بوو. دواتر، چالاکانی کورد لە فەڕانسە، کتێبە دەرسییەکانی سەردەمی ڕێژیمی بەعسیان، پاش دەستکاری و لابردنی ئەو بەشە لە نێوەرۆکی کتێبەکان کە لە خزمەت بردنەپێشی تەعریب و سیاسەتەکانی بەعسدا بوون، سەرلەنوێ چاپ دەکردنەوە و بۆ خوێندن و کەڵک لێ وەرگرتن، ڕەوانەی هەرێمی کوردستانیان دەکردن. ئەو ئەرکە لەلایەن ڕێکخراوەکانی فرانس لیبێرتی، ئەنستیتۆی کورد لە پاریس و یونسکۆ(UNESCO)وە سەرپەرشتی و جێبەجێ دەکرا.[٢٠] حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پاش جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی، دەستی کرد بە کۆنترۆڵی نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان، ئامادە و چاپکردنی ئەوان و هەروەها بە وەخت، لە هەموو ئەو ناوچەیەدا کە بە گوێرەی قانوون دەکەوتە ژێر حاکمییەتی حکوومەتی هەرێم(jurisdiction) خوێندنی کوردیی جێگیرکرد. لەو پەیوەندییەدا ئاڵوگۆڕێکی دیکەی گرینگ بریتی بوو لە پەسندکرانی قانوونی ئەساسی، واتە دەستووری نوێی عێڕاق لەساڵی ٢٠٠٥دا کە زمانی کوردیی وەک هاوشانی زمانی عەرەبی بە ڕەسمی ناسی و» مافی عێراقییەکانی بۆ پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانیان بە زمانی زکماکی خۆیان» دەستەبەرکرد.[٢١] دواتر وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئیدی ئێستا لە لایەن حکوومەتی فیدراڵی عێراقەوە بەرەسمی ناسرابوو، لە ئاستێکی بەریندا چاپی کتێبە دەرسییەکوردییەکانی، کە لە لایەن پسپۆڕانی کوردەوە دەنوسران، دەست پێ کرد.[٢٢]

سیستەمی خوێندنی کوردی لە ڕۆژاوا، چەندین ساڵ دواتر دەستی پێ کرد. سەرەڕای ئەوەی کە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە سووریە قەدەغەبوو، لەساڵی ٢٠٠٥دا، ١٠٠ مامۆستای کورد بە نهێنی بۆ دامەزرانی ئەنستیتۆی خوێندنی کوردی کۆ بوونەوە. ژمارەیەکی زۆر لەوان دواتر گیران. بەو جۆرە تا دەست پێ کردنی ڕاپەڕینی ساڵی ٢٠١١، قوتابیانی کورد دەبوایە بە عەرەبی بخوێنن. لەوەش زیاتر ئەوان قسەکردن بە زمانی کوردییان، تەنانەت لە نێوخۆشیاندا، لێ قەدەغە کرابوو. بۆیە ئەگەر بە کوردی دوابان سزا دەدران. لە ئاکامدا زمانی کوردی بە نهێنی لەنێو ماڵەکان و لە گوندەکاندا دەخوێندرا.[٢٣] بە دەست پێ کردنی ڕاپەڕین، ئاستی ویست و داخوازی( ambition) بۆ دامەزراندنی سیستەمیکی خوێندنی کوردی هێندە لە سەرێ بوو، کە وەک چەند ساڵ دواتر چالاکێکی کورد باسی دەکات، لە سووریەش تێدەپەری.»ئێمە دەمانهەویست سیستەمێکی خوێندنی کوردی بۆ هەرچوار پارچەی کوردستان دامەزرێنین»[٢٤] بەو جۆرە چالاکانی کورد نەک هەر دەیانهەویست زمانی خوێندن بگۆڕن، بەڵکوو دەیانهەویست ئاڵوگۆڕ لە پێداگۆگی و فەزا وتەنانەت چوارچێوە و سترەکتۆری سیستەمی خوێندن و فێربوونیشدا پێک بێنن. سیستەمێک کە حکوومەتی سووریە لە پەیوەندی دەگەڵ خوێندن و فێربووندا دەیبردە پێش و دەیپاراست، دووگم و وشک بوو. مامۆستاکان لە قوتابییەکانیان دەدا و سوکایەتییان پێ دەکردن. بەڵام چالاکانی کورد خوازیاری گۆڕینی ئەو سیستەمە بە سیستەمێکی کراوە بوون کە لەوێدا ڕێز لە قوتابی بگیرێ و هاوڕێیانە ڕەفتاری دەگەڵ بکرێ. شایانی باسە نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکانیش، بە لەخۆگرتنی باس و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە مێژوو وجوغرافیای کوردستان، ئاڵوگۆڕی

بنەڕەتییـــان بەســـەردا هات. بە دەســـت پێ کردنی ســـاڵی ٢٠١٦، ئـــەو ئاڵوگۆڕانە هەموو قۆناخەکانـــی خوێندنیـــان، هەر لـــە قۆناخی ســـەرەتاییەوە تـــا دەگاتە زانســـتگای تازە دامەزراوی قامیشلی لە ڕۆژاوا، گرتەوە.[٢٥]

## ناسنامەی نەتەوایەتی لە کتێبە دەرسییە کوردییەکاندا

ئەگەرچی دەست پێ کردن لە سەرتاوە بۆخۆی دەرفەتێک بوو، بـــەڵام ئەوە بەو مانایەش بوو کە دەبوایە مامۆســـتایان ڕاهێنرابان، بەرنامە و پرۆگرامـــی تازەی خوێنـــدن و فێربوون و قوتابخانـــە و پۆلی تـــازە بۆخوێندن و دەرس گوتنەوە ئامادەکرابان. لەو نێوەدا ئامادەکردنی کتێبە دەرســـییەکان کارێکـــی پڕ زەحمەت بوو. نوســـخە ســـەرەتاییەکانی هێندێک لەو کتێبە دەرسییانە لەساڵی ١٩٩٩دا لەدەرەوەی ڕۆژاوا ئامادە و چـــاپ کرابوون و بە قاچاخی هێنرابوونە ناو ئیدارەی دەسەڵاتی کوردییەوە. هێندێکی دیکە لەو کتێبانە پاش ساڵی ٢٠١١ لە تورکیە، پێش ئەوەی کە نوسخە تازەکانیان لە ڕۆژاوادا ئامادە بکرێن، ســـەرلەنوێ لەچاپ درابوونەوە.[٢٦] تا ساڵی ٢٠١٥، ئەوەی ئەودەم پێی دەگوتـــرا حکوومەتـــی کاتیـــی ڕۆژاوا، توانیبووی ٤٠٠٠٠ کتێبی دەرسی بە کوردی چاپ و بڵاوبکاتەوە و ٢٦٠٠ مامۆستا بۆ دەرس گوتنەوە لە شار و ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژاوادا ئامادە و پەروەردە بکات. لە سەرەتادا دەرسی زمانی کوردی تەنیا لە پۆلە ســـەرتاییەکانی یەکـــەم، دووەم وســـێهەمدا دەگوترایـــەوە. دژکردەوەی حکوومەتی ســـووریە ئەوەبوو کە لـــە ناوچەکانـــی ژێر دەســـەڵاتی خۆیدا، ٣٠ قوتابخانەی داخســـت کە زمانـــی کوردییان تێدا دەوترایەوە. لەبەرانبـــەر ئەو کردەوەیەی حکوومەتدا، حکوومەتی کاتیی ڕۆژاوا ڕایگەیاند کـــە ئامادەیە کار بە هەموو ئەو مامۆســـتایانە بـــدات کە بێکارکـــراون.[٢٧] دواتر حکوومەتی سووریە بودجەی هەموو وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی لە ناوچە کوردییەکاندا بڕی. ئاکامی ئەو کارە بوو بە هۆی خێراتربوونی پرۆســـەی جێگرتنەوەی کتێبە دەرســـییە عەرەبییەکان لەلایـــەن کتێبـــە دەرســـییە کوردییەکانەوە.[٢٨] بە دەســـت پێ کردنی ســـاڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧، کتێبە دەرسی و پێداویستییە ماددییەکانـــی دیکەی هەمـــوو قۆناخەکانی خوێندن بەکوردی و تەنانـــەت بە عەرەبی و ئاسووریش ئامادەکران. بەو جۆرە تەوای کتێبە دەرسییەکانی ســـەردەمی حکوومەتی بەعس گۆڕان و ئەو کتێبانە جێی ئەوانیان گرتەوە.[٢٩]

## پەروەردەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی لە کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا

ســـاڵی ٢٠١١ کوردەکان لە ڕۆژاوا شۆڕشێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییان دەست پێ کرد. لەو نێوەدا، بە هۆی ئەو شـــوێنەوارە گرنگەی کە ئاڵوگـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لەســـەر داهاتووی کۆمەڵگا هەیانبێت، دەتوانین بڵێین کە لایەنی کۆمەڵایەتیی ئەو شۆڕشـــە لەچاو لایەنە سیاســـییەکەی زۆر قووڵتر و بەرچاوتر بوو. بەردی بناخەی ئـــەو ئاڵوگۆڕە گەورەیە، ئەو سیســـتەمی پەروەردە و فێرکردنە بوو کە تازە لە حاڵی دامەزراندندا بوو. ئەو سیستەمە، جگە لەوەی بەرەنگاری میراتی پەنجاســـاڵەی تەعریب و بەبەعســـیکردن دەبـــوّوە، نەوەی نوێـــی کوردیشـــی بە ڕۆحێکـــی نەتەوەیی و ناســـنامەیەکی کوردیـــی پـــڕ لە شـــانازی و بە ڕیوایەتێکـــی کوردی، پـــەروەردە دەکرد. کتێبـــە کوردییـــە دەرســـییەکانی ڕۆژاوا، لە چەند بواری ســـەرەکیدا، ناسنامە و هەویەتی کوردیان لە قوتابیانی کوردی ئەو مەڵبەندەدا پـــەروەردە دەکرد. دارشـــتنەوەی جوغرافیای کوردســـتان، زمانـــی کـــوردی، کولتـــوور و فەرهەنگی نەتەوایەتی، ڕەمز و سیمبۆڵەکانی نێـــو ئەدەبیاتی کـــوردی، سۆســـیالیزم، نرخ و بایەخـــە کۆمەڵایەتییـــەکان، ســـیکۆلاریزم و بەرانبەریـــی نێـــوان ژن و پیـــاو. وەک

هەرجێگایەکی دیکە، لەو نێوەدا، لە پەیوەندی دەگــەڵ پەروەردەکردنی منداڵانــی کورددا، دارشــتن و دروســتکردنی جوغرافیایەکــی نەتەوەیی لــە ڕۆژاوا ئەرکی هەرە کلیلی بوو. لە کتێبە دەرســییەکان و نەخشە و خەریتە جوغرافییەکاندا، کوردستانی گەورە بە جۆرێک نیشان دەدرا، کە هەر چوار بەشی کوردستان واتــە ڕۆژاوا(ســووریە)، باکوور(تورکیــە)، ڕۆژهەڵات(ئێــران) و باشــوور(عێراق) وەک یــەک واحیــدی جوغرافیایــی ببینرێن.[٣٠] لەوەش زیاتر هێندێک لەو نەخشانە نەک هەر ئەو شوێنە وشکاییە کە ناوچە کوردییەکانی تێداهەڵکەوتوون، بەڵکوو خاکی کوردستانیان دەبردەوە ســەر لێوارەکانی دەریای ســپیی نێوەڕاست.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو نەخشە و کتێبە دەرسییانە، ئەو سنوورە دەوڵەتییانە ناناسن کە کوردســتانیان دابەش کردووە، شوێن و جێگا جۆراوجۆرەکانیش، بەنــاوە کوردییەکانیانەوە دەناســێنن.[٣١] بۆ نموونە هێندێک شــوێنی وەک دێرســیم لە تورکیە کە حکوومەتەکان، بە مەستی تواندنەوەیان لەڕاستای بردنەپێشی سیاســەتی ئاسیمیلاســیۆنی خۆیاندا، ناوی دیکەیان بۆ داناون.[٣٢] ئەو ڕوانگە کوردیتەوەرە، ئەودەم باشــتر دەردەکەوێ، کە دەبینین لەو نەخشە و کتێبە دەرســییانەدا، ئەو وڵاتانەی ئێســتا کوردیان تێدا دەژی، وەک دراوسێی کوردســتان دادەنرێن. بۆ نموونــە ڕەنگە لەو نەخشانەدا، سووریە لەسەر نەخشە دەرکەوێ، بــەڵام وەک وڵاتێکــی دراوســێی ڕۆژاوای کوردســتان.[٣٣] لە هێندێک لەو نەخشــانەدا سنووری نێوان بەشە جیاجیاکانی کوردستان بەتەوای ســڕاوەتەوە.[٣٤] زاراوەی کوردستان بەردەوام لەو کتێب و نەخشانەدا، بە مانا و لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییدا دووبارە و چەندبارە دەبێتــەوە. بــۆ نموونە لە کتێبــی خوێندنی زمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی ســەرەتاییدا، شیعرێکی جگەرخوێن، شــاعیری گەورەی کــورد لە چەرخی بیســتەمدا بەناوی «وڵاتی من کوردستان» دەبینرێ. (جگەرخوێن ناوی شێخمووس حەســەنە، لە ڕۆژهەڵاتی تورکیە لە دایک بووە، زۆر کەس ناوبراو بە شاعیرێکی میللیی کورد دەناســن)[٣٥] شــیعرێکی دیکە کــە لە کتێبی پۆلی ســێهەمی ســەرەتاییدا چاپ کراوە بە درووشــمی «بژی کوردستان، بژی کوردســتان» دەســت پــێ دەکات.[٣٦] هەر لەو کتێبەی دواییدا، شــیعرێکی تێدایە کە بەراورد لە نێــوان کچێکی کورد بە ناوی ســۆزان، دەگەڵ دەستە خوشکەکانی دیکەی لە ســپانیا و ژاپۆندا دەکات کــە هەرکامیان خاوەنی «نیشــتمان»ی تایبەت بە خۆیانن.[٣٧] بەکارهێنانی بەردەوام و چڕوپڕی وشــەکانی نیشتمان و وڵات، لەو کتێبە دەرسییانەدا ئەوە دەردەخا کە کاربەدەســتان چۆن دەیانهەوێ ئینتیمای نیشتمانی و هەستی وڵاتپارێزی لە هــۆش و بیر و زەینی نــەوەی نوێی کورددا بچێنن و جێگیری کەن.

بەوجــۆرە دەردەکــەوێ کە لــە ڕۆژاوادا بــە شــێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشــکرا ڕۆحی پانکوردیــزم و ناســیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ نێوەرۆکی تێکســت و کتێبە دەرســییەکاندا تێکهەڵکێــش دەکــرێ. بۆ نموونــە هەر لەو کتێبەدا کە بە مەبەســتی فێربوونی کوردی بۆ پۆلی ســێهەمی ســەرەتایی ئامادە کراوە، هۆنراوەیەکی سەبارەت بە کۆماری کوردستان تێدایە. کۆماری کوردســتان ساڵی ١٩۴٦ لە مهاباد دامەزرا و توانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ئێران بۆ ماوەی ١١ مانگ کاروباری ناوچە کوردییەکان بەڕێوەبــەرێ. (ناوەندی کۆماری کوردســتان شــاری مهاباد بــوو هەربۆیەش زۆر جار وەک کۆماری مهاباد ئیشــارەی پێ دەکــرێ). ناونیشــانی هۆنراوەکــە بریتیە لە «Komara Kurdistanê ya Mehabadê» هۆنراوەکە لە ڕوانگەی شــارێکەوە دەدوێ کە پایتەختی وڵاتێکە. «من شــارێکی شــیرینم، گەلێک کوڕ و کچی شۆخ وشەنگ لە پێناوی

منداڵ گیانیان بەخت کردووە، من بە خوێنی ئەوان نەخشاوم و شانازییان پێوە دەکەم». شیعرەکە ناوی سەرۆک کۆماری کوردستان قازی محەممەد و مەیدانی چوارچرا دێنی. ئەو شوێنەی کۆماری کوردستانی لێ ڕاگەیەنرا و هەر ئەو شوێنەش کە قازی تێدا لە سێدارە درا. هێمن موکریانی بە شاعیری میللیی کۆماری کوردستان ناسراوە. کۆماری کوردستان ئاڵای «ڕەنگاوڕەنگ»ی تایبەتی خۆی و سروودی نەتەوایەتیی تایبەت بەخۆی بە ناوی «ئەی ڕەقیب» هەبووە، سروودێک کە ئێستاش هەر وەک سروودی نەتەوایەتیی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەڕەسمی دەناسرێ.[٣٨] نموونەیەکی دیکە لە هەستی نەتەوایەتی وپێشاندانی هاوپەیوەندیی نەتەوەیی لەو کتێبانەدا بریتییە لە یاد کردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە کە لە ١٦ی مانگی مارسی ١٩٨٨دا ڕوویدا.[٣٩] لە دوا ڕۆژەکانی شەڕی ئێران و عێراقدا، فڕۆکەکانی ڕێژیمی عێراق، شاری کوردنیشنی هەڵەبجەیان بە چەکی شیمیایی بۆمباران کرد و لە ئاکامدا ٣٠٠٠ تا ٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی ئەو شارە ژینۆساید کران.[٤٠] دەبێ بگوترێ کە ئەو کتێبە دەرسییانەی کە بۆ پۆلەکانی خوێندنی قۆناخی سەرەتایی ئامادەکراون، زۆر ناوی هەڵەبجە و مهاباد دووبارەوە دەکەنەوە بە بێ ئەوەی سەبارەت بەوان ڕوونکردنەوە بدەن. وێدەچێ چاوەڕانییان لە مامۆستاکان بێ کە لەوبارەیەوە زانیاریی پێویست و ڕوونکردنەوە بدەنە قوتابییەکان یان بۆخۆیان هەڵبژێرن کە لەو دەرسانە بۆ فێرکردنی قوتابییانی بەتەمەن گەورەتر کەڵک وەرگرن.

شێوازێکی دیکە کە لەو کتێبانەدا بۆ بڵاوکردنەوەی پانکوردیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی کەڵکی لێ وەردەگیرێ، بریتییە لە بەکارهێنانی تێکست و دەقە نموونەییەکان. بۆ نموونە لە کتێبی قۆناخی یەکەمی سەرەتاییدا کە بۆ خوێندنی زمانی کوردی بەکاردەبرێ، چاومان بە نامەیەک دەکەوێ کە کچێکی کوردی خەڵکی کۆبانی، بۆ هاوڕێکەی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لە عێراقی دەنێرێ.[٤١] لەو دەق و تێکستە نموونەییانەدا ناوی منداڵەکان هەمیشە ناوێکی کوردیی ئەوتۆیە کە مانای تایبەتی کوردیی هەیە یا بە جۆرێک دەلالەت لە ناسنامەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی دەکا. وەک ئێریڤان، لالەش، ئێزینگ، ئێریش و هتد. هیچ گومانێکی تێدا نییە کە ئەوە جۆرێک دژکردەوەیە بەو قەدەغەیەی کە لەسەر ناوە کوردییەکان هەبووە، یان بەرانبەر ئەو فشار و پاڵەپەستۆیەی کە لایەن حکوومەتەکانی سووریە و تورکیەوە دەخرایە سەر کوردەکان تا ناوی عەرەبی و تورکی لە منداڵەکانیان بنێن. هەر بەو جۆرە، بەکارهێنانی ئەو ناوانە لەگەڵ جیهانبینیی سیکۆلاری PKK و PYD ش دێتەوە، کە نایانهەوێ تەنانەت لە شێوە کوردییەکەی ناوە مێژووییە ئیسلامییەکانی وەک میهمەد(محمد)، ئەلی (علی) و ئۆمەر(عمر) یش کەڵک وەرگرن.

لە ڕاستیدا لەو کتێبە دەرسییانەدا کە من چاوم پێدا گێڕاون و لە ساڵەکانی سەرەتای دەستپێکردنی خوێندنی کوردی لەو ناوچەیەدا ئامادە کراون، زۆر بە دەگمەن توشی تێکستێک دەبین کە بە جۆرێک دەلالەت لە ئیسلام یا هەر دینیکی دیکە بکات. لە بری ئەوە لەو کتێبانەدا زۆر بەزەقی و بە شێوەیەکی بەرچاو باس لە شتێک دەکرێ کە من پێی دەڵێم پیرۆزکردنی «نەورۆز». نەورۆز واتە ڕۆژێکی نوێ، بە ڕۆژی نەتەوەیی دادەنرێ. هەموو ساڵێ لە ڕۆژی ٢١ مارسدا کوردەکان جەژنی نەورۆز دەگرن. نەورۆز ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی سەری ساڵی کوردییە. دیارە لە ئێران و لەو فەرهەنگانەدا کە بە پێرشیا ناسراون، ڕێورەسمی لە چەشنی نەورۆز هەموو ساڵێ بەڕێوە دەچن، بەڵام نەورۆز بۆ کوردان مانا و بایەخێکی زۆر گرینگ و تایبەتیتری

هەیە، بە تایبەتی لە تورکیە، کە بۆ ماوەیەکی دووردوودرێژ بەڕێوەبردن و پیرۆزکردنی نەورۆز قەدەغەی لەســەر بووە.[۴۲] کتێبی خوێندنی پۆلــی یەکەمی ســەرەتایی، هەڵبەســتێکی جگەرخوێنی ســەبارەت بە نەورۆز تێدایە.[۴۳] بەشــێک لە کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلی دووهەمی ســەرەتایی، باســی بایەخ و گرینگیی نەورۆز دەکات. ئەو باســە ریشەی نەورۆز بۆ ئەفســانەیەکی سەردەمی میدیاکان و سەرکەوتنی پاشایەکی کورد بە ناوی کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکی زاڵم لە ٢١ی مارسی ساڵی ۶١٢ی پێش لەدایک بوونی مەسیحدا، دەگێرێتــەوە.[۴۴] لــە بــاری مێژووییــەوە ئــەو ڕووداوە دەگــەڵ ئەوســاڵە دێتەوە کە کەیخوســرەوی یەکەم ، پاشــای مــادەکان، نەینەوا فەتح دەکات و لە ئاکامدا ئیمپڕاتۆری ئاشــووری نوێ دەڕووخێ. بابیلیۆن بە ســەر مێزۆپۆتامیــادا زاڵ دەبــێ و ئیمپڕاتۆری ماد دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا پەرەپێدەدا، سەردەمێک کە کوردە ناسیۆنالیستەکان وەک چاخی زێڕینی دەســەڵاتداریەتیی نەتەوەیی کوردی تەماشای دەکەن.[۴۵] هەر ئەو کتێبە، لە ستایشی نەورۆزدا دەچێتە پێشتر و دەڵێ: «لەو ڕۆژەدا گەلی ئیمە ئازادی و ئاشــتیی بۆ هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دیاری هێنا». لەوەش زۆرتــر دەڕواتە پێش و دەڵێ: «نــەورۆز بریتییە  لە ئازادی، دێموکراســی و عەدالەت»[۴۶] مەبەســت لەو جۆرە تەفسیر و لێکدانەوەیــە لە نەورۆز ئەوەیــە کە مێژووی کورد بۆ پێش ئیسلام بگێڕێتەوە و لە لایەکی دیکەشــەوە خزمەتی کــوردەکان بە گەلانی ناوچە بە تورک و عەرەب و کریستیانەکانەوە وەبیر بێنێتەوە.

بــۆ لێکگرێدانی نــەورۆزی دێرین لەگەڵ ســەردەمی نوێدا، هەر هەمــان کتێب، ناوی مەزڵوم دۆگان دێنێ و بە کاوەی ســەردەمی نــوێ و ڕەمــز و نیشــانەی بەربەرەکانــێ و بەرخۆدان و تێکۆشانی کوردان بەرانبەر زوڵم و ستەمی لە قەڵەم دەدا.[۴۷] دووگان کوردێکی عەلــەوی بوو لە تورکیــە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیــی پارتــی کرێکارانــی کوردســتان بــوو. ناوبراو لە ســاڵی ١٩٧٩ لــە دیاربەکر گیــرا و خرایە زیندانەوە. لە نەورۆزی ســاڵی ١٩٨٢دا، بە نیشــانەی نارەزایەتــی بەرانبەر بە سیاســەتەکانی حکوومەتی تورکیە، ئاگری بەردایە سلوولەکەی خۆی و لە زینداندا خۆی هەڵواسی و سوتا. لەو دەمەوە ئیدی لە لایەن کوردەکانــەوە وەک قارەمانی میللی تەماشــا دەکرێ.[۴۸]

بێجگە لە نەورۆز، لە کتێبە دەرسییەکاندا، زۆر ڕۆژی دیکەش کە بە نوختەگۆڕان و ڕۆژی گرینگ لە مێژووی تازەی ڕۆژاوادا دادەنرێن، یادیــان دەکرێتــەوە و بە بایەخەوە باســیان دەکرێ. بۆ نموونــە ١٩ی ژووئییە، کە وەک ڕۆژی دامەزرانــی دەســەڵاتی دێموکراتیکی ئۆتۆنۆمی لــە ڕۆژاوا، لە ســاڵی ٢٠١٢دا، بە حیســاب دێت. لــە کتێبــی خوێندنی زمان بــۆ پۆلی دووهەمی ســەرەتاییدا، کە باس لە گرینگیــی ڕۆژی ١٩ی ژوئییــە دەکات، ئەو ڕووداوە وەک شۆڕش لە ڕۆژاوادا لە قەڵەم دەدا و لە زمانی مامۆستایەکەوە ڕوو لە قوتابییەکان دەڵێ: «ئەو ڕۆژە، ئەو ڕووداوە بۆ ئیمە پیرۆز و موقەددەسە. چونکە پاش ژیان لە ژێرچەپۆکی و ژێردەستی بۆ ســاڵانێکی زۆر، گەلی کورد لەو ڕۆژەدا ئازادیی خۆی وەدەست هێنا. ١٩ی ژوئییــە، دیارییە بۆ هەمــوو منداڵان، چونکە ئامانجی شــەهیدان ئەوە بوو کە پاشــەڕۆژ و داهاتوومان بریتی بێت لە ئازادی و بەرانبەری و یەکســانی»[۴۹] ڕۆژێکی دیکە کە لە کتێبە دەرســییەکاندا یــادی لێ دەکرێتــەوە و بە بایەخەوە ســەیر دەکــرێ، بریتییە لە ٢۵ی ژانویەی ساڵی ٢٠١۵، کە بریتییە لە ساڵڕۆژی ئازادبوونــی کۆبانی لە دەســەڵاتی داعش، یا دەوڵەتی بە ناو ئیسلامی. کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتیــی پۆلی دووهەمی ســەرەتایی، وێنەی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێکی تێدایە کە

لەوێدا خەڵک بەرگی کوردییان پۆشیوە و ئاڵا بەرزدەکەنەوە و چالاکیی دیکەی فەرهەنگی و کولتووری بەڕێوەدەبەن. بەشێک لەو ڕێورەسمە بریتیە لە یادکردنەوەی» شـــەهیدانی شۆڕشی ڕۆژاوا» کە وێنەکەیان دیواری ساڵۆنی شوێنی بەڕێوەچوونی ڕێورەســـمەکەی نەخشاندوە[٥٠] کتێبەکـــە تەنیا یـــەک جار باســـی جەژنی ڕەمەزان دەکات کە لە لایەن کوردەکانەوە لە کۆتاییی مانگی ڕەمەزانـــدا بەڕێوەدەچێ. ئەو ڕێورەسمەش وەک فیستیڤاڵیکی ئایینی باسی لێوەدەکرێ، نەک وەک جەژنێکی تایبەت بە موسوڵمانان.[٥١]

شیوازێکی دیکە کە ئەو کتێبە دەرسییانە بـــۆ ئاشـــنا کردنی منـــداڵان بـــە فەرهەنگ، کولتـــوور و مێـــژووی کورد بـــەکاری دێنن بریتیە لە ڕۆژئەژمێر(kalender). هەرچەند لەو کتێبە دەرسییانەدا ناوی مانگەکان بەگوێرەی ســـاڵنامەی زایینـــی و بە ڕێنوســـی کوردی بەکاردێن، بەڵام قوتابییان لە ڕێگای ساڵنامەی هەتاوییـــەوە فێری مێـــژووی کورد دەبن، کە هەموو ســـاڵێ بە نەورۆز دەســـت پێ دەکات ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دێرینی دەورانی ماد دەکان. بەو جۆرە ساڵی یەکەمی ســـاڵنامەی کوردی بریتیە لە ســـاڵی ٦١٢ی پێش لە دایک بوونی مەسیح. بۆیە ساڵنامەی کوردی هەزار ســـاڵ لـــە ڕۆژئەژمێری کۆچی و شەشســـەد لە ســـاڵنامەی زایینی قەدیمی تـــرە.[٥٢] گێڕانەوەی مێژووی کورد بۆ ســـەر ماددەکان وخوڵقاندنی ئەفســـانەی مێژوویی ســـەبارەت بە تاریخی ئەوان، بەو مەبەستەیە کـــە کورد، کە بـــۆ ســـاڵانێکی زۆر لە لایەن گەلانـــی دیکەی ناوچەکەوە بە کەم یا نادیدە گیـــراوە، وەک نەتەوەیکی دێرین و ڕەســـەن نیشان بدرێ. وەک لەنێو زۆربەی نەتەوەکاندا وایە، ئـــەو کتێبـــە دەرســـییانەش، زمان بە کۆڵەکەیەکی گرینگی ناســـنامەی نەتەوەیی دادەنێن. لە کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلی سێهەمی سەرەتاییدا، لە زمانی عەبدوڵڵا ئۆجـــەلان، دامەزرێنەری پارتـــی کرێکارانی کوردســـتانەوە، دەگوترێ کە نەتەوەی کورد «زمانێکی مێزۆپۆتامیاییی زۆر لە لە مێژینە»ی هەیـــە و مێژووی کـــورد بەرانبـــەرە لەگەڵ مێـــژووی ژیـــان و کۆمـــەڵ و فەرهەنگ.[٥٣] کتێبێکی خوێندنی کوردیـــی پۆلی یەکەمی ســـەرەتایی کە پڕە لە شـــیعر و هەڵبەست و پەخشـــان، زمانـــی کـــوردی وەک «زمانێکی شـــیرین و جوان» و وەک «ئەســـتێرەیەک لە دونیا»دا پێناســـە دەکات[٥٤] کتێبی خوێندنی کوردیی پۆلی سێهەمی ســـەرەتایی، لەوەش زۆرتـــر دەڕواتە پێش و دەڵێ ئەو کەســـەی گیانی خـــۆی لە پێنـــاوی پەرەپێدانی زمانی کوردیـــدا بەخـــت دەکات، وەک شـــەهید تەماشای دەکرێت.[٥٥] ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو جۆرە دەربڕینانە بە زیادەڕۆیی ناژمێردرێن. ئاخر لە سەرتاســـەری چەرخی بیســـتەمدا تا ئێســـتا، کوردەکان مافی ئەوەیـــان نەبووە بە زمانی خۆیان قســـەبکەن.[٥٦] بۆیە بۆ کوردان ئازادیی قسەکردن بە زمانی کوردی، بەرانبەرە لە گەڵ ئازادیی ڕاستەقینەی سیاسی.

عیشـــق و خۆشەویســـتی بۆ نیشـــتمان و وڵاتی کـــوردان، گیانبـــازی و فیداکاری و شـــەهیدبوون لە پێناوی گەل و نیشتمان، لە سەرتاسەری ئەو شـــیعر و چیرۆک و سروود و پەخشـــان و داســـتانانەدا ڕەنـــگ دەداتەوە کە نێوەرۆکـــی ئەو کتێبە دەرســـییانە پێک دێنـــن. لە کتێبی فێربوونـــی زمانی کوردیدا، کە بۆ پۆلی سێهەمی ســـەرتایی ئامادەکراوە، داستانێکی تێدایە لە ژێر ناوی «شانازیی ئێمە» یا (Rûmetên me - Our honor) ئەو داستانە باسی دایکێک دەکات کە لە نێو منداڵەکانیدا دانیشـــتووە و قســـەیان بـــۆ دەکات. یەکێک لە منداڵـــەکان وێنەیەکی مەزڵـــووم دۆغانی پێیە. منداڵەکان تەماشـــای وێنەکە دەکەن و دەپرسن کە بۆچی ئەو لە وێنەدا وا بە قووڵی بیر دەکاتەوە، بۆچـــی هێندە ئێش و ئازار بە ڕووخسارییەوە دیارە. لە وڵامدا دایکەکە باسی

«خەبات لە پێناوی ئازدیی کوردستان» دەکا. لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ لەو خەباتەدا بە هەزاران گەریلا بریندار بوون یان گیانی خۆیان فیداکردووە و لە پێناوی ئازادیی کوردستاندا شەهید بوونە.[٥٧] لە کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی سێهەمی سەرەتاییدا، باس لە ١٨ی مانگی مای وەک رۆژی شەهیدان دەکرێ و لەوێدا شەهید بوون لە پێناو گەل و نیشتماندا بە کارێکی پیرۆز و موقەددەس دەژمێردرێ. لەوەش زیاتر دەڵێ: «ئەو کەسەی شەهید دەبێ، نامرێ. شەهیدانی ئێمە نامرن»[٥٨] ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانە و ناوەند و ئەنستیتۆکانی خوێندن، بە ناوی ئەوکەسانەوە کراون کە لە خەباتدا گیانیان لە دەست داوە. ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شەهید بوون لە پێناو گەل و نیشتماندا، وەک کارێکی پڕ لە شانازی لە سیستەمی خوێندنی رۆژاوادا زۆر پێی لەسەر دادەگیرێ.[٥٩]

لە کتێبی خوێندنی زمانی کوردی بۆ پۆلی سێهەمی سەرەتاییدا، چیرۆکێکی تێدایە کە قووڵاییی عیشق و خۆشەویستی بەرانبەر نیشتمان دەردەخات. ناونیشانی ئەو چیرۆکە بریتیە لە «هاواری کوردستان» واتە (Nalîna Kurdistanê-The lament of Kurdistan). ئەو چیرۆکە حەکایەتی کورێکی کورد دەگێڕێتەوە کە خەو دەبینێ. لە خەودا بەسەر شاخ و دەشت و دەر و مێرگ و باغ و بێستاندا دەفڕێ. لە پڕ گوێی لە دەنگێک دەبێت کە بە حوزن و دڵێکی پڕ لە خەمەوە دەگری. دەپرسێ ئەوە دەنگی کێیە؟ کوردستان وڵام دەداتەوە «ئەوە منم». منداڵە کە دەپرسێ بۆ ئەو شاخ و دەشت و دەرە دەگریێ و دەناڵێنێ لە کاتێکدا هەمووشتێکی هەیە. کوردستان لە وڵامدا دەڵێ: «سەدان ساڵە ئێوە لەسەر خاکی من دەژین، ئەمن هێشتاش هەر وا لە ژێر پێی بێگانانادم .... من هەموو شتێکم بۆ ئێوە کردووە تا بەختەوەر و شاد بن. بەڵام ئێوە لە بەرانبەردا چیتان بۆ من کردووە؟» لە پڕ کورەکە لە خەو رادەچڵەکێ و لەبەر ئارەقە هەڵدێ و ئەو پەیامە وەردەگرێ کە پێویستە کوردستان لە دەستی داگیرکەر و بێگانان ئازاد بکرێ. هەر بۆیە شۆڕش و خەبات و بەرخۆدان لە پێناو بەرگری لە وڵات و گەل و نیشتمان، کارێکی گرینگ و پڕ بایەخە.[٦٠]

لەو کتێبە دەرسییانەدا، عیشق و خۆشەویستی بۆ کوردستان دەگەڵ عیشق و خۆشەویستی بۆ قوتابخانە وخوێندن و فێربوون ئاوێتە بووە. هەر لەو کتێبەدا کە باسمان کرد شیعرێکی تێدایە کە قوتابییەک دەیخوێنێتەوە. «من قوتابخانەم خۆش دەوێ، لە خزمەتی کوردستاندا، من بە زمانی خۆم دەخوێنم، تا دەگەڵ گەلی خۆم ئاشنا بم و بیناسم. ئامانجی من شەڕ نییە بەڵکوو ئاشتییە، ئامانج ئەوەیە نیشتمان رزگار بێ»[٦١] هەر بەو جۆرە، کتێبەکە شیعرێکی جگەرخوێنی تێدایە کە منداڵان هان دەدا کە «لە پێناو نەتەوەی کورد و نیشتمان»دا باش بخوێنن. دواتر شیعرەکە داوا لە کوردان دەکات کە لە «خەوی قووڵ» راپەڕن «چوونکە سەردەمی موعجیزە داهاتووە».[٦٢] لە رێگای شیعر و هەڵبەست و چیرۆکەوە منداڵان زانست و زانیاری سەبارەت بە شاعیران و هەڵبەستوانانی کورد وەدەست دێنن. جگە لە جگەرخوێن، شاعیرێکی دیکەی ناوداری کورد کە لەو کتێبە دەرسییەدا ناوی دێ، بریتیە لە ئەحمەدی خانی کە لە سەدەی ١٧ و ١٨دا ژیاوە. ناوبراو بە هۆی نوسین و دارشتنی چیرۆکی بەناوبانگی «مەم و زین» بە شێوەی شیعر، بە باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی دادەنرێت. مەم و زین، چیرۆکی ژیانی پڕ لە نەهامەتیی دوو کەسی عاشق، واتە کاکەمەم و خاتووزین دەگێڕێتەوە کە بە هۆی ئەوەی سەر بە دوو عەشیرەتی نەیار و رەقیب دەبن، بە یەک ناگەن. کوردەکان ئەو چیرۆکە بە سیمبولی ژیانی پڕ لە تراژیدیی نەتەوەی

کـــورد لێکدەدەنەوە کە لێـــک دابەش کراون و لە نێوان ئیمپراتۆرییـــەکان و دەوڵەتەکاندا دابـــەش بوون. هەرچەنـــد کتێبەکە بە وردی باســـی ژیانی ئەحمەدی خانـــی ناکات، بەڵام چیرۆکێکـــی تێدایە کە خانی ســـێ کیژۆڵە و ســـێ کوڕ بۆ ماڵی خۆی بانگهێشت دەکات و باســـی کوردستانیان بۆ دەکا و دەڵێ: «منداڵە خۆشەویستەکان! من خۆشـــحاڵ و شادمانم کە دەگەڵ ئێـــوەم. دەمهەوێ ئێوەش شـــاد و خۆشـــحاڵ بن کە دەگـــەڵ منن بۆ ئەوەی نیشتمان و وڵاتمان هەمیشە شاد و خۆشحاڵ بێت......»[٦٣]

## ڕووی دووهەمی ئەو سکەیە ئیدیۆلۆژیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان

لە کاتێکـــدا کە لە هیـــچ جێگایەکی کتێبە دەرســـییەکانی ڕۆژاوادا ناوێـــک لـــە پارتـــی کرێکارانی کوردســـتان، یـــان کورتکراوەکەی (PKK) نەهاتووە، کەچی ئەوەی لەو کتێبانەدا بە زەقی و بەشـــێوەیەکی بەرچاو لە دووتوێی کتێبەکانـــدا خۆی نیشـــان دەدا، بریتییە لە ئیدیۆلۆژیی پارتی کرێکارانی کوردســـتان کە لە لایەن دامەزرێنەرەکەیـــەوە واتە عەبدوڵڵا ئۆجەلان، داڕێژراوە. تەنیا جارجار بە شـــێوەی ئاشکرا ئیشارەیەک بە ناوی ئۆجەلان دەکرێ، وەک لـــە کتێبی پـــەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلی سێهەمی ســـەرەتاییدا هاتووە و پێشتر باســـمان کـــرد. لـــە جێگایەکی دیکەشـــدا وەک«ڕیبەری گەلی کورد» باسی دەکرێ.[٦٤] لە هێندێک جێگای دیکە زۆر بە شێوەیەکی زەریفتر باســـی لـــێ دەکرێ. بـــۆ نموونە لە کتێبی دەرســـیی فێربوونی زماندا کە بۆ پۆلی سێهەمی ســـەرەتایی ئامادەکراوە، شیعرێکی تێدایە بـــە ناوی فیۆریەی ڕەش یا شـــوباتی ڕەش. (Sibata reş-Black February)

کـــە باس لـــە هەلومەرجێک دەکات کە پەیوەندیی بە ژیـــان و خەباتی ئەووەوە هەیە. ئەو تێکســـتە باس لە فیۆریەی ساڵی ١٩٩٩ دەکات. کاتێـــک کە کاربەدەســـتانی تورکیە عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان لە کینیا دەســـتگیر کرد و دواتر زیندانی ئەبەدیان بەســـەردا سەپاند. شـــیعرەکە ئـــەو ڕووداوە وەک بوومەلـــەرزە دەچوێنێ. بە هۆی ئەو «خیانەتە گەورە»یەوە، هەمـــوو شـــتێک، لە گـــوڵ و دار و دەوەن و باڵنـــدوە بگـــرە تـــا دەگاتە خەڵک، تووشـــی لەرزیـــن و جووڵە بوون. شـــیعرەکە دەڵێ لە مانگـــی فیۆریـــەدا، «گوڵ و گیـــاش ژاکاون، خوێنی کوڕ و کچانی کـــورد لە ڕەگەکانیاندا قەتیس ماوە». شـــیعرەکە درێژە دەدا و دەڵێ وەختێک سەرۆک (ئۆجەلان) گیرا و ئازادیی خـــۆی لەدەســـت دا، خەڵـــک ڕاپەڕین بەو هیوایەوە کە ناوبراو ڕۆژی خۆشـــی لە پێشدا بن.[٦٥] بە شێوەیەکی گشـــتی، بیری ئازادی و ئازادیخـــوازی، بەردەوام دووبارە و چەندبارە دەبێتـــەوە، هەروەک لە کتێبـــی پەروەردەی کۆمەڵایەتیـــی پۆلی دووهەمی ســـەرەتاییدا دەیبینین. لەوێدا ئـــەو وتانە هاتوون: «ئازادی لە منداڵییەوە دەست پێ دەکات» یا «ئازادیی پیاوان، منداڵان، کۆمەڵ، وڵات و نیشتمان، لە دەستی دایکاندایە» یا «هیچ شتێک لە ئازدی بەنرختر و پرشانازیتر نییە»[٦٦]

جگـــە لە بەرجەســـتە کردن و پەســـنی کەســـایەتیی ئۆجەلان، کتێبە دەرســـییەکان پـــڕن لە ئەو بـــاس و بابەتانەی کە بە توخمە سەرەکییەکانی ئیدیۆلۆژیی ئۆجەلان دەناسرێن، بەتایبەتی پشتیوانی لە فێمێنیزم و ڕاهێزان و تەوانبەخشـــی بە ژنان (empowerment).[٦٧] لە ڕاستیدا پشتیوانیی ئۆجەلان لە فێمێنیزم، بووەتـــە هـــۆی پێکهاتنی ئاڵوگـــۆڕ لە ڕۆڵ و نەخشـــی ژنان لە کۆمەڵگای کوردیدا. ڕەنگە ئەو ئاڵوگـــۆڕە بەرچاوترین و دیارترین لایەنی شـــۆڕش و ئاڵوگـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو چەنـــد دەیەی دوایی بێـــت کە لە کۆمەڵگای کوردی لە تورکیە و ســـووریەدا ڕوویداوە. لە ئاکامی ئـــەو گۆڕانکارییانەدایـــە کە دەبینین هـــەر کام لـــە بزووتنـــەوە جۆراوجۆرەکانـــی

کــورد لەو دوو وڵاتــەدا، چ پارتی کرێکارانی کوردســـتان، یا پارتـــی دیمەکراتیکی گەلان بێ کە بە شـــێوەیەکی بەربڵاو حزووری هەیە لە تورکیەدا، یا پارتی یەکێتیی دیموکراتیک (pyd) بێــت لــە ڕۆژاوادا، بەرانبەریی ژن و پیاویـــان لە هەموو ئاســـتەکانی ڕێبەریدا، بە شێوەی هاوشانی و هاوبەرپرسایەتی، نەهادینە و جێگیر کردوە ( Cochair).[٦٨] هەر لەســەر ئەو بنەمایە، لە تەواوی کتێبە دەرسییەکاندا، کــچ و کور، چ لە وێنەکان و چ لە تێکســت و دەقە جۆراوجۆرەکاندا، هەر بەوجۆرە شـــان بەشـــانی یەک و هاوبایەخ و هاوکوفی یەکتر دەردەکـــەون. لـــەوەش زیاتر مامۆســـتاکان تەشـــویق دەکرێـــن کە کچان و کـــوڕان، بە جۆرێک پەروەردەکەن کە پێکەوە ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕاندنـــی کاروباری پـــۆل و قوتابخانەکان وەئەســـتۆ بگـــرن. بـــۆ نموونـــە لـــە کتێبی پـــەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلـــی دووهەمی سەرتاییدا هاتووە کە هەر پۆلێک پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە، کچێک و کوڕێک وەک سەردار یا چاودێری پۆل هەڵبژێرێ.[٦٩] هەڵبژاردنی وشەی «ســـەردار» کە لە دەستە نیزامـــی و چەکدارییەکانی ســـەر بە (pyd)دا بە مانای فەرماندە دێ، نیشانەی ئەو ڕۆحییە نیزامیگەرییەیـــە کە بەســـەر ڕۆژاوادا زاڵە و نیشانەی ئەوەیە کە قوتابخانەکان تێدەکۆشن منداڵـــەکان وا باربێنـــن کـــە لـــە دوارۆژدا ئامادەییـــی ئەوەیان تێدابێ ئەگەر پێویســـت بێ بڕۆنە مەیدانی شەڕ و بەرخۆدان. یەکێکی دیکـــە لەو ڕۆژە گرینگ و پربایەخانەی کە لە کتێبە دەرسییەکاندا ناوی دێ، بریتیە لە ٨ی مـــارس، ڕۆژی نێونەتەوەییی ژنان. لە کتێبی پۆلی سێهەمی سەرەتایی بۆ خوێندنی زماندا، گفتوگۆیـــەک لە نێوان کـــچ و کوڕێکدا دێتە ئاراوە. لەوێدا کچەکە ســـەبارەت بە پێشینەی مێژوویی ئەو ڕۆژە دەدوێ و باس لە بایەخی ئەو ڕووداوە دەکات و دەڵێ: «خەباتی ئێمە لە پێناو ئازادیدا هـــەروا بەردەوامە»[٧٠] هەر لەو پەیوەندییەدا کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی دووهەمی ســـەرەتایی، لەوەش زیاتر دەڕواتە پێش و دەڵـــێ: «ئازادیی ژن ئازادیی کۆمەڵە». لە کتێبە دەرسییەکاندا باسی ژنانی قارەمان و شـــەهید و سەرمەشـــق لە هەموو پارچەکانـــی کوردســـتان دەکـــرێ. بەڵام بە شـــێوەیەکی ئاســـایی کتێبەکان تەنیا ناویان دێنن و بەس. وا دێتە بەر چاو کە مامۆســـتا دەبێ لەو بارەیـــەوە زانیاری و ڕوونکردنەوەی زۆرتر ســـەبارەت بەو ناوانە بداتە قوتابییەکان. یەکێک لەو ژنانەی کە وەک ڕەمز و سیمبولی ژنانی خەباتکار ناوی دەبرێ، بریتیە لە «زەریفە خانم». ئەو بە سەرمەشقی ئەو ژنانە بە حیساب دێ، کە لە دەســـتە چەکدارییەکانی تایبەت بەژناندا کە لایەنگری (pyd)ن و لەلایەن ئەو ڕێکخراوەیەوە ڕێکخراون (YPJ, Yekîneyên Parastina Jin)، خەریکـــی کارو تێکۆشـــانن. شـــەریفەخانم هاوســـەری نەجیبزادەیەکـــی کوردی عەلەوی بووە کە لە ساڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠دا بـــە دژی زوڵـــم و زۆری ســـوپا و دەوڵەتی تورک، دەســـتی داوەتـــە چەک.[٧٢] یەکێکی دیکە لەو ژنە قارەمانانەی کە لە کتێبی پـــەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلـــی دووهەمی سەرتاییدا ناوی دێ بریتیە لە « شەهید ئارین میرکان». ناوبراو خەڵکی عەفرین لە ڕۆژاوایە.[٧٣] ئـــەو کە فەرماندەیەکی ٢٠ســـاڵە بوو، لە ساڵی ٢٠١٤دا، لە کاتی بەربەرەکانی بە دژی چەکدارەکانی داعش واتە دەوڵەتی ئیسلامیدا، دوای ئەوەی کە فیشەکی لێ تەواو دەبێ، لە عەمەلیاتێکی حەماســـی و گیانبازانەدا، خۆی دەتەقێنێتـــەوە و ژمارەیەک لە چەکدارەکانی داعش لەنێودەبات.[٧٤]

کتێبـــە دەرســـییەکان، لەتەمەنێکی زۆر زوودا، منـــداڵان دەگەڵ لایەنـــە گرینگەکانی ئیدیۆلۆژیی ئۆجەلان ئاشنا دەکەن. بیروباوڕی چەپگەرایانـــەی ئۆجـــەلان لـــە بانگـــەواز بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی یەکەمی مانگی مای، ڕۆژی جیهانیی کرێکاراندا خۆی نیشـــان دەدا. ئەو

ڕۆژە ڕووداوی قەتڵوعامی کرێکاران لە ساڵی ١٨٨٦، لە (Haymarket Square) لەشاری شیکاگۆدا وەبیردێنێتەوە. دواتر ئەو کارەساتە بە ڕۆژی نێونەتەوەیی کرێکاران ناسرا و لە یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو و وڵاتانی دیکەی کۆمۆنیستیدا، وەک پشووی ڕەسمی ڕاگەیەندرا. لە کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی دووهەمی سەرەتاییدا، لە پێناسەی ڕۆژی یەکەمی مانگی مایدا کتێبەکە دەڵێ ژمارەیەکی زۆر کرێکار لە «خەبات لە پێناو ژیانێکی ئازاد و بەرانبەر و شایستەدا» شەهید بوون.[٧٥] بەو جۆرە لە کاتێکدا کە ئیدی ئێستا ڕۆژی یەکەمی مانگی مای لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا یاد ناکرێتەوە، لە ڕۆژاوادا هەروا یادی دەکرێتەوە و لە کتێبە دەرسییەکان و لە نێو منداڵاندا زیندوو ڕادەگیرێ. لایەنێکی دیکەی ئیدیۆلۆژیی ئۆجەلان کە لە کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا منداڵەکانی لەسەر پەروەردە دەکرێ و بە شێوەیەکی زۆر زەق کاری لەسەر دەکرێ، بریتییە لە دەستەواژەی «خۆسەریی دیمۆکراتیک» بە واتایەکی دیکە (democratic autonomy-xweseriya demokratîk.[٧٦])

لە کتێبی» لە پێناو بەرگری لە گەل»دا کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا، لە زیندان نوسیویەتی، ئۆجەلان ئەو بیرۆکەیە دادەهێنێ. ئەوەش دەبێتە سەرەتای پێکهاتنی گۆڕانکاری لە ئیدیۆلۆژی و بەرنامەی سیاسیی پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی یەکگرتووی دێمۆکراتیکدا. بەوجۆرە لەکاتێکدا کە پێشتر داوای دەوڵەتی نەتەوەییان دەکرد، دوای ئەو ئاڵوگۆڕە بە توندی کەوتنە دژایەتیی بیرۆکەی دەوڵەت نەتەوە. عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە لە زینداندا لەگەڵ نوسراوەکانی نووسەری ئانارشیستی ئەمریکایی واتە «Murray Bookchin» ئاشنا دەبێت، دەوڵەت-نەتەوە وەک «پڕمەترسیترین ئامراز لە مێژوودا» دەناسێنێ.[٧٧] بەو جۆرە ئۆجەلان لەجیاتی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە، سیستەمێکی ئۆتۆپیایی دیکە بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشنیار دەکات. ئەو سیستەمە لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی هەموو گەلانی ناوچەکە، لە کۆنفیدراسیۆنێکدا کە لە ناوچە و هەرێمە خودموختار و ئۆتۆنۆمەکان پێکدێ، لەسەر ئەساسی دێموکراسییەکی ڕاستەخۆ ئیدارە دەکرێ، بەرانبەریی نێوان ژن و پیاو دابین دەکرێ و خاوەنی ئابوورییەکی سۆسیالیستی دەبێ، دادەمەزرێ. لەبەر ئەوەی سیستەمی ڕۆژاوا لەسەر ئەو بناخە فکرییانەی ئۆجەلان دامەزراوە، تێدەکۆشێ لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکان بکات؛ جا ئەوە کوردبن، ئاسووری یا عەرەب، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. ئەو ڕاستییە بە ڕوونی لە نامیلکەیەکدا ڕوون کراوەتەوە کە لەساڵی ٢٠١٤دا بڵاوبووەتەوە.

ڕێگاچارەی کوردی بریتییە لە ڕێگای سێهەم (ڕێگای نێوان حکوومەت و ئۆپۆزیسیۆن). ئەو ڕێگایە بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی نیوخۆییدا لە نێو هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی ناوچەکەدا دەگەڕێ. هەر بۆیە پێکهێنانی ئیدارەی ڕۆژاوا هیچ ئامانجێکی جیاوازیخوازانەی لە پشت نییە. ئامانجی ئەو بریتیە لە ناردنی پەیامی ئاشتی بۆ دەورووبەری خۆی و پێکهاتە نێوخۆییەکانی ناوچەکە. وەک مۆدێلێکی دێموکراتیک و پلۆرالیستیک و فرە کولتوور و هەمەڕەنگ، دەکرێ ببێتە جەوهەری بنەڕەتیی ئەو ڕێگاچارەیەی کە دەتوانرێ بۆ ئیدارەکردنی هەموو سووریە کەڵکی لێ وەگیرێ.[٧٨]

لە کتێبە دەرسییەکاندا منداڵان لە ڕێگای شیکردنەوە و شەرحدانی ئەنستیتیۆی(the people's council-meclisa gel) (ئەنجومەنی گەل) لەگەڵ ئەو سیستەمە ئاشنا دەبن. کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتی بۆ پۆلی دووهەم، بە وردی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن گوند و شار

و شـــارۆچکە و ناوچەکانی دیکەی دەورووبەر، لە ڕێــگای هەڵبژاردنــی نوێنەرانی خۆیانەوە لــە نێو هاووڵاتیانــدا، کاروبــاری ناوچەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن و گیروگرفتەکانی خۆیان چارەســەر دەکەن.[٧٩] لە شوێنەکانی دیکەدا، کتێبەکە بە شــێوەی جۆراوجۆر پێ لەسـەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو سیســـتەمە، نەک هەر سیســـتەمێکی دیموکراتیک و پلۆرالیستییە، بەڵکوو بە باشترین شێوە، نوێنەرایەتیی گەل و پێکهاتەکانی خەڵک دەکات. منداڵان لەسەر ئەو بنەمایــە پەروەردە دەکرێــن کە هەموو هاووڵاتیانــی ڕۆژاوا، ئەگــەر تەمەنیان بگاتە هەژدەســاڵ مافی ئەوەیان هەیە دەنگ بدەن و خۆیــان کاندیــد واتە بەربژێــر بکەن. هەر ئــەو کتێبە لە چەند جێــی دیکە بانگەواز لە قوتابیــان دەکات و هانیان دەدات کە ئەرکی سەرشــانیانە، بۆ بەرگری لە گەل و نیشتمان، دڵخوازانــە بەرانبــەر پەلامــاری دووژمنــان ڕاوەستن.[٨٠]

دەبــێ بگوتــرێ ئــەو دیموکراســیە ئیدەئالیســـتییە، لە لایــەن باقیی ئەو حیزب و ڕێکخــراوە کوردییانەوە کە ڕێگای چالاکیی سیاســی و نیزامییــان پــێ نــادرێ و لــە پەراوێزخراون، بەتوندی ڕەخنەی لێ دەگیرێ. ئەوان PYD بە قۆرخکردن و مۆنۆپۆلیزەکردنی دەســەڵات و بــەرەو دیکتاتــۆری بردنــی سیســـتەمی سیاســـیی ڕۆژاوا تاوانبار دەکەن. لەوەش زیاتر ئەوان ئــەو حیزبە بەوە تاوانبار دەکــەن کە کتێبە دەرســـییەکانی خوێندنی لە ڕادەبەدەر سیاســی کــردوون، منداڵان بە ئیدئۆلۆژیی ئۆجەلان پەروەردە و تەڵقین دەکا، شتێک کە شوێنەواری چارەنوسسازی لەسەر سیســـتەمی پەروەردە و فێرکــردن دەبێ.[٨١] بێگومان ئەو ناتەباییە ڕەنگدانەوەی ململانێ و ناکۆکییەکانــی نێــوان پارتــی کرێکارانی کوردســـتان لە تورکیە و پارتــی دیموکراتی کوردســـتان لە عێراقە، کە لەســەر وەدەست هێنانی مەشروعییەت ململانێ دەگەڵ یەکتر دەکەن و وەک لە ســـەرەوە باسمان کرد، بە دووهێزی سەرەکیی نێو گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی دەژمێردرێن.

## کتێبە دەرســـییەکانی ڕۆژاوا و هەرێمی کوردستانی عێراق: زۆر جیاواز، زۆریش وێکچوو

جیاوازیی سەرەکیی نێوان کتێبە دەرسییەکانی قۆناخــی ســـەرەتایی لــە ڕۆژاوا و هەرێمی کوردســـتانی عێراق ئەوەیە کــە کتێبەکانی ڕۆژاوا بە پێچەوانەی ئەوانەی هەرێـــم نەک بە پیتــی عەرەبی، بەڵکوو بــە پیتی لاتینی نوســـراون. ئەو مەســـەلەیە لەوبارەوە گرنگیی هەیە کە بزانیــن قوتابیانی ئەو دوو ناوچەیە، بەبێ فێربوون و ڕاهێنانی ئیزافی، ناتوانن بابەت و باســـەکانی یەکتر تێبگەن یـــا بخوێننەوە. ئەوە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاســـتییەیە کە زمانی کــوردی بە هــەردوو جۆرە پیتــی ئارامی و ڕۆمانی دەنوســرێ. ئــەوە ئەو ڕاســـتییەش نیشــان دەدات کە زمانی کوردی بەسەر دوو دیالێکتی ســـەرەکیدا دابەش دەبێت، سۆرانی کە بە پیتی عەرەبی دەنووســرێ و کرمانجی کە بــە ئەلف و بێی ڕۆمانی دەنووســرێ.[٨٢] لە لایەکی دیکەشــەوە حکوومەتی هەرێمی کوردســـتانی عێــراق، هــەر لە ســـەرەتای دامەزرانی ئیــدارەی ئۆتۆنۆمی لەو ناوچەیەدا لە سەرەتاکانی ١٩٩٠ی زایینییەوە، کۆنترۆڵی بەسەر نووسین و ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبــە دەرســـییەکاندا هەبووە. لــە ڕۆژاوادا هەردوو سیستەمی سیاســی و پەروەردەیی، دیســـانتراڵیزەن و لــە حاڵــی شــکڵگرتن و دروســـتبووندان. ئەوە بەو مانایەیە کە کتێبە دەرسییەکان لەوێ لە ستانداردێکی هاوبەش پەیڕەوی ناکەن و ســەرچاوەی جۆراوجۆریان هەیە. لە باری زەمانیشەوە جیاوازی لە نێوان کتێبە دەرسییەکانی ئەو دوو هەرێمەدا هەیە. ئەوکتێبانەی کە ســاڵی ٢٠١٣ یان پێشـــتر ئامادە و چاپ کراون، لەگەڵ ئەوانەی کە ساڵی

٢٠١٩ بڵاوکراونەتـــەوە؛ هەردووکی ئەوان ئەو ئەزموونی سیاســـی و نیزامییە نیشان دەدەن کە هەرکام لەو ناوچانە بە نێویدا تێپەڕیون.[٨٣] جیهانبینیی چەپ، شۆڕشگێڕانە و سیکۆلاری زاڵ بەســـەر نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا، ناتەباییی تـــەوای دەگەڵ نێوەرۆکی کتێبـــە دەرســـییەکانی ناوچـــەی هەرێمی کوردســـتاندا هەیە کـــە زۆرتـــر بیروباوەڕی ســـوننەتی و نەتەوایەتـــی لـــە نێویاندا ڕەنگ دەداتەوە. بـــۆ نموونە کتێبە دەرســـییەکانی هەرێمی کوردســـتانی عێراق، بە شانازییەوە باسی ســـەرۆک عەشـــیرەتەکانی وەک شێخ محمودی بەرزنجی و شێخ ئەحمەدی بارزانی دەکـــەن کـــە ڕێبەرایەتیـــی ڕاپەرینەکانیان بەدژی دەوڵەتی عێراق کـــردووە. یا هەر بەو جۆرە باس لە شـــێخ سەعیدی پیران دەکەن کە ڕێبەرایەتیـــی ڕاپەرینی بە دژی دەوڵەتی تورکیـــە کـــردوە.[٨٤] ئەوە لـــە کاتێکدایە ئەو کەســـانە لە کتێبـــە دەرســـییەکانی ڕۆژاوادا هیچ باســـێکیان لێوە ناکرێ.[٨٥] لە پەیوەندی دەگەڵ قارەمانی میللیـــی هەرە گەورەش لە نێوان کتێبە دەرســـییەکانی ڕۆژاوا و هەریمی کوردستانی عیراقدا جیاوازی هەیە. لە کاتێکدا لـــە کتێبـــە دەرســـییەکانی ڕۆژاوادا پێگە و مەوقعییەتێکی تایبەتی بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەدرێ، لـــە کتێبە دەرســـییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، مەلامســـتەفا بارزانی تا ئاستی کەســـێکی جێگای ستایش و تەنانەت پەرســـتنیش بەرزدەکرێتـــەوە و هێندێکجار بە (نەمـــر) دادەنـــرێ.[٨٦] جیاوازییەکی دیکە ئەو شـــوێنەیە کـــە لە کتێبە دەرســـییەکانی هەرێمـــی کوردســـتاندا بۆ ئیســـلام تەرخان کـــراوە. بۆنموونە ئەو کتێبانە لە زۆر شـــوێندا ڕووداوە مێژووییەکانی ئیســـلام دەگێرنەوە، بە وردەکارییەوە باســـی جەژن و ڕێورەســـمە ئیسلامییەکان دەکەن، ڕۆژئەژمێری هیجری بـــەکار دەبەن یـــا وێنەی زیارەتگا و شـــوێنە پیرۆزەکانی وەک مەککە نیشـــان دەدەن.[٨٧]

تەنانەت بەو شـــێوە جلوبـــەرگ لەبەرکردنە کۆن و ســـوننەتی و تەقلیدییەی کە لە کتێبە دەرســـییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا نیشان دەدرێ، دەردەکەوێ کە لەواندا نۆرمە عەشـــیرەتییەکان پتر زاڵن. لەوکتێبانەدا ژنان بە ڕووســـەری و باڵاپۆشـــەوە دەردەکەون و پیاوانیش جلوبەرگی سوننەتیی کوردی لەبەر دەکـــەن.[٨٨] جارجار منداڵانیـــش، بەتایبەتی لە کاتـــی بەڕێوەبردنی جەژنی نـــەورۆزدا، بە جلوبەرگـــی کوردیی ســـوننەتییەوە نیشـــان دەدەرێن.[٨٩]

جیاوازییەکـــی زەقـــی دیکـــە کـــە لـــە نێـــوان ئەواندا هەیـــە ئەوەیە کە لـــە کتێبە دەرســـییەکانی ڕۆژاوادا سووریە یا نابینرێ، یا وەک وڵاتێکی دڕاوســـێ دەردەکەوێ.کەچی کتێبە دەرســـییەکانی هەرێمی کوردســـتانی عێراق ،هەرێمی کوردستان، وەک بەشێک لە عێراق دەستنیشان دەکەن. ئەگەرچی جارجار وەک بەشـــێک لە کوردستانی گەورەش ناوی دەبەن.[٩٠] هەر بەو جۆرە کتێبە دەرسییەکانی هەرێـــم، هێندێـــک لـــە ڕاســـتی و ڕووداوە هاوبەشـــە مێژووییەکان بـــە دەوڵەتی عێراق و مێـــژووی عێراقەوە گرێدەدەن و باســـیان دەکەن. تەنز ئەوەیە کە ئەوە هەر حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان بـــووە کە لـــەو چەند ساڵانەی دواییدا،[٩١] مەسەلەی سەربەخۆییی کوردســـتانی هێناوەتەگـــۆڕێ و دیفاعی لێ کـــردوە، لە کاتێکـــدا ڕێبەرایەتیـــی ڕۆژاوا بە خودموختاریـــی دێموکراتیـــک لـــە نێوخۆی ســـووریەدا پابەند بووە و دژایەتیی بیرۆکەی دەوڵەت-نەتەوەی کردوە.

کتێبە دەرســـییەکان لە هەردوو ناوچەدا بـــە شـــێوەیەکی جیاواز لـــە یەکتر باســـی مێژووی ئـــەو دواییانە دەکـــەن. لە کاتێکدا کتێبە دەرســـییەکانی ڕۆژاوا لە ڕووداوەکانی دوای ٢٠١١ دەدوێن، کتێبە دەرســـییەکانی هەرێم ئیشـــارە بە ڕووداوەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی تا ئێرە دەکەن. بەو حاڵەش،

کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق زۆرتر ڕووداوەکانی ئەو دوایییانە وەک ڕێکەوتننامەی ئۆتۆنۆمی لە گەڵ ڕێژیمی بەعس لە ساڵی ١٩٧٠، کارەساتی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨، ئەنفال و قەتڵوعامی گەورە و ڕاپەڕینی ١٩٩١، کە بوو بەهۆی دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، زەق دەکەنەوە و بایەخی زۆرتریان پێ دەدەن.[٩٢] بە شێوەیەکی گشتی کتێبە دەرسییەکانی هەرێم، زانیاریی ورد سەبارەت بە کارەسات و تاوانبارەکان بەدەستەوە نادەن و نایانهەوێ فەزایەکی زۆر بۆ ڕێژیمی بەعس یا سەددام حسێن تەرخان بکەن. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو جۆرە هەڵوێستە ئەوەیە کە حکوومەتی هەرێم لەهەوڵی ئەوەدایە کە دەگەڵ بەغدا بگاتە سازانێکی سیاسی (political reconciliation). هۆکارێکی دیکەش ڕەنگە ئەوە بێ کە نووسەرانی ئەو کتێبە دەرسییانە نەیانهەوێت هەستی تۆڵەو ڕق و قین و دوژمنایەتی لە نێو منداڵەکاندا بڵاوکەنەوە.

سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان کتێبە دەرسییەکان و سیستەمی خوێندنی ڕۆژاوا و هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەرچاو دەکەون، لە بوارەکانی فەرهەنگی، نەتەوایەتی و سیاسیدا گەلێک خاڵی هاوبەش و وێکچوونیان لە نێواندا هەن. هەروەک ڕۆژاوا، کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستانیش، زۆر لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی، ئەفسانەی ڕابردووی مادەکان، زمانی کوردی و بیرۆکەی کوردستانی گەورە پێ دادەگرن . هەرچەند ئەوە لە نەخشە و خەریتەکاندا کەمتر بەرچاو دەکەوێ و زۆرتر وەک میتافۆر نیشان دەدرێت. لە هەموو کتێبە دەرسییەکانی پۆلی یەکەم تا شەشەمی سەرەتاییدا، جەژنی نەتەوایەتیی نەورۆز، جێگایەکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە. لە کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا، شیعرێکی درێژی سەبارەت بەنەورۆز تێدایە. لەوێدا نەورۆز وەک سەرەتای دەست پێ کردنی ساڵی تازەی کوردی ناودەبرێ و ئاگریش وەک ڕەمزی سەرکەوتنی کوردان لە قەڵەم دەدرێ.( نیشاندانی ڕێورەسمی بازدان بە سەر گڕ و بڵێسەی ئاگر لە نەورۆزدا، کە ڕیشەی ئەو دابە دەگەڕێتەوە بۆ سوننەت و نەریتی زەردەشتی). شیعرەکە بەو جۆرە کۆتاییی پێ دێت: «بژی ژیان، خۆشەویستی بۆ دامەزرانی کوردستان»[٩٣] لە لایەکی دیکەوە کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگای گێڕانەوەی ڕیشەی کورد بۆسەر مێژووی دێرینی مادەکان و دەسکەوتە سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەوان، دەیانهەوێ ڕابردووی پڕشنگداری نەتەوەی کورد بەرجەستە کەن. شایانی باسە لە هەردوو سیستەمی خوێندنی ڕۆژاوا و هەرێمدا، مێژووی هاوچەرخی کورد هاوبەشە. کتێبێکی دەرسیی پۆلی شەشەمی سەرەتایی، بە شێوەیەکی بەرچاو باسی داستانی کۆماری کوردستان لە مهاباد دەکا، وێنەی قازی محەممەد و مەیدانی چوارچرا نیشان دەدا، دیارە باسی بەشداریی مەلا مستەفای بارزانییش لەو کارە پڕ لە شانازییەدا دەکات.[٩٤]

هەر بەوجۆرە کە لە کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا دەبینرێ، کتێبە دەرسییەکانی هەرێمیش تێدەکۆشن، هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی بۆ کوردستان لە قوتابییەکاندا بەهێز و پەروەردە بکەن. گۆشکردنی منداڵەکان بە کوردایەتی و هەستی نەتەوایەتی، هەر لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنەوە دەست پێ دەکات. بۆ نموونە کتێبێکی دەرسیی پۆلی یەکەم کە لەساڵی ٢٠١٤دا چاپ کراوە، بە شێوەیەکی بەرچاو جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد بێوێنەیە. هەر لەو کتێبەدا چەند لاپەڕە دواتر شیعرێکی تێدایە سەبارەت بە بەهاری کوردستان، لەوێدا وێنەی منداڵێک دەبینرێ کە بە خۆشحاڵی و شادمانییەوە، ئاڵای کوردستانی

بەرز کردووەتەوە. هەر بە دوای ئەوەدا وێنەی «هێلیکۆپتێرێکی کورد» دەبنینرێ کە یارمەتی دەگەیەنێتە ئەو کەسانەی پێویستییان بەو یارمەتییانەیە. لە کۆتاییی کتێبەکەدا، شیعرێک لەگەڵ وێنەی کورێک و کیژۆڵەیەک چاپ کراون کە دروشمی بژی کوردستانیان کە بە پیتی عەرەبی نوسراوە، بەرزکردووەتەوە. وێنەیەکی تر منداڵێک نیشان دەدا کە لە کاتێکدا خەودەبینێ هەمان دروشمی بژی کوردستان دەڵێتەوە.[٩٥]

وێکچوونێکی دیکەی کتێبە دەرسییەکانی هەرێم دەگەڵ ئەوانەی ڕۆژاوا لەوەدایە کە کتێبە دەرسییەکان و نەخشەکان، ناوی ئەو شوێنە مێژوویییانەی کوردستان دێنن کە دەکەونە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵەکانەوە. سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە مێژووی کۆماری مهاباد تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی ناخوێنرێت و لە هیچکام لە کتێبە دەرسییەکاندا باسی میرنشینە کوردەکانی سەدەی نۆزدە و پێشتر ناکرێ. شار و شوێنەکانی وەک مهاباد و ئەردەڵان لە ئێران، بۆتان لە سووریە و هەکاری لە تورکیە، لە کتێبی پۆلی یەکەمی سەرتاییدا ناویان هاتووە. باس کردن و گونجاندنی ئەو شوێنانە کە وەک بەشێک لە جوغرافیای کوردستان، تەنانەت ئەگەر ڕوونکردنەوەشیان لەگەڵ نەبێ، بە مانای هەوڵدانە بۆ جێگیرکردن و چاپ کردنی ئەو ناوانە لەسەر زەین و بیر و مێنتاڵیتەی منداڵەکان. لەو شارانەی دیکەش کە هەر بەوجۆرە ناویان هاتووە دەتوانین «عەفرین» و «ئامۆدا» لە سووریە، بەتایبەتی کە لەو کتێبەدا دەگوترێ کە لە ڕۆژاوای کوردستاندا هەڵکەوتوون، ناوبەرین.[٩٦]

کتێبی خوێندنەوەی پۆلی یەکەمی سەرەتایی کە ساڵی ٢٠١٦ چاپ کراوە، لە پەیوەندی دەگەڵ هێنانەگۆڕی باس و بابەتی نیشتمانی و وڵاتپارێزیدا لە نوسخەکانی پێش خۆی زیاتر دەرواتە پێش. ئەو کتێبە بە شیعرێک سەبارەت بە گرینگیی زمانی کوردی، خەنجەرەکەی مەلا مستەفا بارزانی لە دەستەکانی پێشمەرگەدا دەست پێدەکات.( لە باری زمانەوانی و ئەدەبییەوە پێشمەرگە بە هەموو تێکۆشەرانی خەباتگێری کورد دەگوترێ. ئەو ناوە ئێستا بۆ سوپای هەمیشەییی هەرێمی کوردستانی عێراق بەکاردێ). پاشان لەو وێنانەدا کە لە کتێبەکەدا هاتوون، ئاڵای کوردستان لە یاریگا و گۆڕەپانی قوتابخانەدا، لە کاتی چوونە ناو پۆلەکاندا و لەکاتی بەڕێوەبردنی جەژن و مەراسمەکاندا بەرچاو دەکەوێ[٩٧]. دەبێ بگوترێ کە ئەلفوبێی زمانی کوردییش کە بە پیتی عەرەبی دەنووسرێ، بۆخۆی بە نەوعێک دەلالەت لە ناسنامەی نەتەوایەتیی کورد دەکا. پیتی ئەلف لەگەڵ ئاڵا ، پیتی ز دەگەڵ دواپیتی وشەی نەورۆز، کاف لەگەڵ کەرکوک دێنەوە. کەرکوک شارێکە کە نەوتی زۆری تێدایە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی، کێشەیان لەسەری هەیە. لە تەنیشت ئەو وێنانەی کە باسمان کرد لەسەرەوە، ڕستەیەک دەخوێنینەوە کە بەوجۆرەیە «کەرکوک شارێکی کوردستانە، کەرکوک دڵی کوردستانە»[٩٨]

هەر بەو جۆرە کە لە کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا دەبینرێ، لە کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستانیشدا، ئەو کور و کچانەی کە وەک نموونە لە دەرسەکاندا باسیان دەکرێ، لە بری ئەو ناوە هاوبەشانەی لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەکاردەبرێن، ناوی کوردییان هەیە. هێندێک لەو ناوانە دەلالەتی مێژوویییان هەیە وەک شێرکۆ. (شێرکۆ بە مانای شێر دێت. بەڵام ناوی فەرماندەیەکی بەناوبانگی کوردیشە کە لە سەدەی دوازدەهەمدا لە میسر لە دروستکردنی دەوڵەتی ئەیبووبییەکاندا ڕۆڵی هەبووە. ئەو بەوە ناسراوە کە خاڵی سەلاحەددینی ئەیوبی و جێگرەوەی ناوبراو بووە). هێندێکی دیکە لەو ناوانە ئیلهامبەخشن

وەک کوردستان، وڵات یا ئازاد و هی دیکە.

هەرچەند خوێندنەوەی کاربەدەستانی هەرێم سەبارەت بە فێمێنیزم لەگەڵ هی کاربەدەستانی ئیدارەی ڕۆژاوادا کە ئیلهام لە ئۆجەلان وەردەگرن، جیاوازە، بەڵام هەموو کتێبە دەرسییەکانی هەرێمیش، کچ و کوڕ شانبەشانی یەک نیشان دەدەن. بۆ نموونە لە سەر بەرگی زۆربەی کتێبە دەرسییەکانی هەرێمدا وێنەی کیژان و کوڕان دەبینرێن کە خەریکی خوێندن و فێربوون و پێکەوە یاری کردنن و زۆرجاریش دەستیان لە دەستی یەکدایە. ( بە پێچەوانەی ئەو سوننەت و دابونەریتانەی کە لە زۆربەی ئەو وڵاتانە دەبینرێن کە زۆربەی حەشیمەتەکان موسوڵمانن). کتێبە دەرسییەکانی هەرێم ئەو جیاوازییە ئیدئۆلۆژیکییەی کە لەوبارەیەوە لە نێوان ڕۆژاواو هەرێمدا هەیە بە ڕوونی نیشان دەدەن. لە کتێبەکانی هەریمدا باس لە دابەشکردنی ئەرکەکان بە شێوەیەکی یەکسان و بەرانبەر لە نێوان ژن و پیاودا ناکرێ. هێندەش باس لە عەداڵەت وەک ئیدەئال ناکرێت. کتێبە دەرسییەکانی هەرێم زۆر جار ڕاستەوخۆ بانگەواز لە کچان دەکەن و هانیان دەدەن لە جیاتی ئەوەی لە کۆمەڵدا ڕۆڵ و نەخشە سوننەتی و باوەکان بەڕیوەبەرن، هەوڵ بدەن ئەرکی ڕێبەرایەتی و خەباتکارانە وەئەستۆی خۆیان بگرن. بۆ نموونە لە کتێبی خوێندنەوەی کوردیی پۆلی شەشەمدا، شێعرێکی جگەرخوێن چاپ کراوە بە ناوی کچی کورد واتە (Keça Kurd-A Kurdish girl). شاعیر لەو شیعرەدا داوا لە کچانی کورد دەکا بخوێنن، تا بتوانن ئازاد بن و بە ئازادی بژین و دروشمی «بژی کوردستان» بڵێنەوە و ببنە سەرکردەیەکی ژن.[٩٩] کتێبە دەرسییەکانی هەرێم ژنێک لە مێژووی هاوچەرخی کورددا وەک قارەمانێکی میللی دەنرخێنن. ئەو ژنە کەس نییە جیا لە لەیلا قاسم، خوێندکارێکی کورد کە لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا لە ساڵی ١٩٧٤دا ئێعدام کرا. ئەو کە لە کاتی ئێعدام کردندا وتی» شانازی دەکەم کە ژیانم لە پێناوی کوردستاندا بەخت دەکەم»[١٠٠]، هەرگیز لە یاد ناچێتەوە.

لەبەر ئەوەی کوردەکان بۆ ساڵانێکی زۆر لە ژێر شوێنەوار و کاریگەریی نەرێنیی سیستەمە سیاسی و پەروەردەییە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییەکاندا ژیاون، گەلێک خاڵی نەرێنی و نێگەتیڤی هەوبەشیش لە هەردووکی ئەو کتێبە دەرسییانەدا دەبینین کە لە هەرێم و ڕۆژاوادا بۆ خوێندن و فێربوون بەکار دەبرێن. ئەو کتێبانەدا، لە هەردوو بەشی ڕۆژاوا و هەرێمدا لەوەدا سەرکەوتوو نین کە منداڵان هان بدەن تا فێری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بن. لە جیاتی ئەوە، پڕۆگرامەکانی خوێندن لە هەردوو لا، تەنانەت لە قۆناخە سەرەتاییەکانیشدا، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە قوتابی فێری لەبەرکردن memorization بێ، بە سیاسی بکرێ politicization یا بیر و زەینی قوتابی دەخرێتە ژێر پەروەردەی ئیدیۆلۆژیک indoctrination. بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە دوو زانکۆی هەرێمدا ئەنجام دراوە، هەشتا لەسەدی ئەوانەی بەشداربوونە، لەسەر ئەو بڕوایەن کە قوتابخانە حکوومییەکان نەیانتوانیوە قوتابیان بە جۆرێک پەروەردە بکەن کە ببنە کەسایەتییەکی خاوەن بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. critical thinker.[١٠١] لە ڕۆژاوادا نەک هەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بەردەوام گلەیی و سکاڵایان لەوە هەیە کە قوتابخانەکان سروشتێکی ئیدیۆلۆژیک بەسەریاندا زاڵە، بەڵکوو هێندێک بەڵگە لەبەردەستدان کە تەنانەت مامۆستاکانیش هەر هەمان بۆچوونیان هەیە. بۆ نموونە لە کتێبێک کە لەساڵی ٢٠١٩دا چاپ کراوە، لە زمان مامۆستایەکی مێژووەوە دەگوترێ کە کتێبە دەرسی و پڕۆگرامەکانی خوێندن لەسەر بناخەی خەتە بنەڕەتییەکانی

ئیدیۆلۆژیی ئاپۆ دارێژراون و زۆربەی مامۆستاکانیش لە ڕاستیدا وەک ئەندامی PYD ناسراون.[١٠٢] ئەگەرچی ئەو لاوازییە لە ڕۆژاوا دەکرێ بەهۆی ئەو وەزعە ناجێگیر و دژوارەوە لێک بدرێتەوە کە لەوێدا هەیە، بەڵام لاوازییەکی لەو چەشنە لە ناوچەی هەرێمی کوردستاندا، کە سێ دەیە بەسەر دامەزرانیدا تێدەپەڕێ، بەهیچ جۆر پاکانەی بۆ ناکرێ. سەرەڕای ئەو هەموو سەرمایەگوزارییە ماڵییە و ڕیفۆرم و چاکسازییەکی زۆر کە لەو ناوچەیەدا کراون، ڕەخنەگرەکانی دەڵێن هێشتاش سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لەو ناوچەیەدا، بەدەست بەسیاسیکردن، ناوەندگەرایی و سانتراڵیزاسیۆن و کۆنترۆڵی لە ڕادەبەدەر، ستاندارێکی نزم و بۆڕۆکراسییەکی لە حەد زیاترەوە دەناڵێنێ. هێندێک لە ڕەخنەگرەکان لەوەش پتر دەچنە پێش و دەڵێن ئەو سیستەمە، درێژەی هەمان سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی سەردەمی ڕێژیمی بەعسە، زۆرتر وەک سیستەمی پەروەردەی ڕێژیمە ئیستبدادییەکان دەچێ تا سیستەمە دێموکراسییەکان.[١٠٣] بەو حاڵەش ئەگەر بە ئینسافەوە قسە بکەین دەبێ بڵێین کە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی بانکی جیهانی، تا پێش سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠١٤دا و ئەو قەیرانانەی کە لەو ڕووداوە سەرچاوەیان گرت، حکوومەتی هەرێم، بە بەراورد دەگەڵ وڵاتانی دراوسێی خۆی، لە هەموو بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا پێشکەوتنی زۆر بەرچاوی وەدەست هێناوە»[١٠٤]

## ئاکام

تێپەڕینی سەد ساڵ بە سەر جودایی لە نێوان هەرچوار پارچەی کوردستان و دابەش بوونی کوردستانی گەورەدا، هەروەها ژیان لە ژێر سێبەری سیستەمی کۆمەڵایەتی-سیاسیی جیاوازدا، شوێنەواری جیاوازی لەسەر هەرکام لەو بەشانە داناوە. ئەو جیاوازییانە لە کتێبە دەرسییەکانی ناوچە ئۆتۆنۆمییەکانی ڕۆژاوا لە سووریە و هەرێمی کوردستانی عێراقدا ڕەنگیان داوەتەوە. بەراوردکردنی هەردووجۆری ئەو کتێبە دەرسییانە لەگەڵ یەک، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە کوردەکانی هەرکام لەو پارچانە تا چ ڕادەیەک لە ژێر شوێنەواری ئەزموونی بێ وێنە و مێژووی خۆیاندان. منداڵان لە ڕۆژاوا و لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، لەسەر بنەمای دوو کۆمەڵە جیهانبینی، ئیدیۆلۆژی، بیروباوەڕی سیاسی، پرەنسیپی کۆمەڵایەتی و بیرۆکەی وڵاتپارێزی و نیشتمانیی جیاواز دەگەڵ یەک، پەروەردە دەکرێن. بۆ نموونە جیهانبینیی چەپ، شۆڕشگێڕانە و سیکۆلار کە بەسەر کتێبە دەرسییەکانی ڕۆژاوادا زاڵە، لەگەڵ ئەو نرخ و بایەخە سوننەتی و تەقلیدییانەدا کە لە کتێبە دەرسییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەبینرێن، لە ناتەباییی تەواودایە.

بەشێک لەو جیاوازییانە لەوەدا دەردەکەون کە هەرکام لەو دوو کۆمەڵە کتێبە، کەسانی جیاواز وەک ڕێبەری مێژوویی دەناسێنن. لە ڕۆژاوا منداڵان فێر دەکرێن عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری زیندانی و دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان، نەک هەر ستایش، بەڵکوو بپەرەستن. بەڵام منداڵان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەگەڵ کار و کردەوەکانی ڕێبەری نەتەوەیی، مەلامستەفا بارزانی، کە ئۆتۆریتەکەی خۆی لە سەرۆک عەشیرەت بوونەوە وەردەگرت، ئاشنا دەبن. جیاوازییەکانی دیکە دامەزراوەیین institutional. سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، سیستەمێکی تەواو سەربەخۆیە لە دەسەڵاتی بەغدا. ئاخر پتر لە پازدە ساڵە ئەو ناوچەیە بە پێی دەستوور و لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە بەڕەسمی ناسراوە. لەوەش زیاتر ئەزموونی پتر لە سێ ساڵ خۆبەڕێوەبەریی هەیە. هەروەها پێشینەی

دامەزراندنی سیستەمی خوێندنی کوردی لەو ناوچەیە بۆ چەند دەیەی پێشتریش دەگەڕێتەوە. کەچی خوێندنی کوردی لە ڕۆژاوادا لە وەزعێکی زۆر ناسکدایە. چونکە لە لایەک دیسانترالیزەیە. لەو دواییانەدا لە لایەن چالاکڤانانەوە ڕێکوپێک کراوە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو ناوچەیە وەک ئۆتۆنۆمییەکی بەڕەسمی نەناسراو، بەردەوام لە هەڕەشەی ناسەقامگیری و ئاڵوگۆڕە ژیۆپۆلێتیکییەکانی ناوچە و دەوروبەردایە. بۆ نموونە دوای ئەوەی کە تورکیە لە ساڵی ٢٠١٨دا کانتۆنی عەفرینی لە ڕۆژاوا داگیرکرد، دەستی کرد بە بەئیسلامیکردن و بە تورکی کردنی slamization and Turkification کتێبە دەرسییەکان لەو ناوچەیە.[١٠٥]

سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازییانە، زۆر لێکچوونیش لە نێوان ئەو کۆمەڵە کتێبە دەرسییانەدا بەرچاو دەکەون. سەرەڕای ئەوەی کە ئیدارەی ڕۆژاوا، لەباری ئیدیۆلۆژییەوە دژی ناسیۆنالیزمە، کتێبە دەرسییەکانی ئەوێ هەموو ئەو کۆڵەکە و بنەما بنەڕەتییانەیان تێدایە کە لە پەیوەندی دەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی لە کتێبەکانی ناوچەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەن. وەک گێڕانەوەی ڕیشە و ڕەچەڵەکی کورد بۆ مادەکان، ڕێزگرتن لە قارەمانە ئەفسانەییەکانی وەک کاوەی ئاسنگەر و بەکارهێنانی ساڵنامەی کوردی کە بە نەورۆز دەست پێ دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە، گرینگیی خەبات لە پێناو زمانی کوردی و ئازادیی گەلی کوردا، لە هەردووکی ئەو کۆمەڵە کتێبە دەرسییانەدا، هەستی پێ دەکرێ و بە زەقی بەرچاو دەکەوێ. سەرەنجام سەرەڕای ئەوەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق پەیوەندیی دەگەڵ ئەو دەوڵەتانە هەیە کە حکوومەت بەسەر کوردستانی گەورەدا دەکەن، هەم کتێبە دەرسییەکانی ئەوێ و هەم ئەوانەی ڕۆژاوا، ناوی ئەو شوێن و مەڵبەندانە دێنن کە دەکەونە دەرەوەی ناوچەکانی خۆیان، ئیشارە بە شوێن و ڕووداوە مێژووییەکان و ڕێبەرانی کورد لە جێگاکانی دیکە دەکەن، لەو ڕێگایەوە نیشتمانپەرستییەکی بەرزەفڕانە سەبارەت بە وڵاتی کوردان دەبەنە پێش.

بایەخ و گرینگیی ئەو ڕاستییە دژ بە یەکانە لە چیدایە؟ ناسیۆنالیزمی کوردی و پانکوردیزم، بە دووهێزی سەرکی دادەنرێن کە پێگە و ڕیشەیان لە ئاستی جەماوەر و کۆمەڵانی بەرینی خەڵکدا هەیە. ئەوە ڕاستییەکە کە نووسەرانی ئەو کتێبە دەرسییانە لێی ئاگادارن و لە کتێبەکانی خۆیاندا بەیانیان کردووە. ئەو کەیسە هەر بەوجۆرەش دەمێنێتەوە. جا ڕێبەرایەتیی سیاسی لە ناوچەکەدا، دژایەتیی بیرۆکەی دەوڵەت نەتەوە بکات، وەک لە ڕۆژاوادا هەیە، یان بە شێوەیەکی دیپلۆماتیک، پابەندبوونی بە بەڕێوبەریی ناوچەکانی نێو سنووەرکانی خۆی نیشان بدات، وەک ئەوەی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە، هیچ لە ڕاستییەکە ناگۆڕێ. لە ئاکامدا منداڵان لە هەردووکی ئەو ناوچە خودموختارانەدا، لەسەر بنەماکانی نیشتمانپەرستیی کوردیی ناوچەیی و ناسیۆنالیزمی پانکوردیزم، کە هێندێک جار بە تەواوکەری یەکتر و هەندێ جاری دیکەش ناتەبا دەگەڵ یەکتر دەردەکەون، پەروەردە و فێردەکرێن.

*. https://www.researchgate.ne t/publica-tion/ 345224 288_Reclaiming_National_Id entity_in_Kurdish_ School_Textbooks ?enrichId=rgreq -a1b83a2c03c9e0 1dade9043b7c3ec67f-XXX&enri chSource=Y292ZXJQ YWdlOz M0NTI-yNDI4ODtB Uzo5N TM 2NzA3NDEwM-jA2N zVAMTYwNDM4 NDIzMTY0NA% 3D%3D&el=1_x_3&_ esc=public ation-CoverPdf

## سەرچاوەکان

1. For the role of education in societies, in the Middle East and generally, see Elie Po-

Syrian Security Sector Documents" (April 2019): 23. 10. Quoted in Zanyar Omrani, "The History of Kurdish Language in Rojava," The Kurdish Project, May 20, 2016, https://thekurdishproject.org/history-kurdish-language-rojava/. 11. Hisham Arafat, "Syrian Kurds Develop New School Programs in Rojava," Kurdistan 24, August 31, 2017, www.kurdistan24.net/en/news/56bcfeac-e0a9-4e1d-99b3-ba4170ff34b1. 12. "The Rojava Revolution Favours New Education System," ANF News, May 16, 2018, https:// 13. Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918–1985 (San Francisco: Mellen Research University Press, 1992), 111. For text of the law, see the page on the Republic of Iraq Supreme Judicial Council website at http://iraqld.hjc.iq/LoadLawBook.aspx?SC=200920055250592. 14. Tahir Taeb Ahmed, "Education in Kurdistan: Past, Present and Tuture," KRG Cabinet website, February 18, 2005, http://previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?a=1188&l=12&r=113&s=010000. 15. Hilal, دراسة عن محافظة الجزيرة ["A Study on Al-Jazeera Province"], 72, 76, 98–100 anfenglish.com/rojava-northern-syria/the-rojava-revolution-favours-new-education-system-26700.

16. According to the Kurdish Institute, there were between 36 and 46 million Kurds worldwide in 2016, ranging due to the lack of official data and contending conceptions of Kurdish-ness. Of this number, 3.0–3.6 million lived in Syria, as compared to 15–20 million in Turkey, 10–12 million in Iran, 8–8.5 million in Iraq, and 1.6–2.0 million in the diaspora. See "The Kurdish Population," January 12, 2017, www.institutkurde.org/en/info/the-kurdish-population-1232551004. 17. Michael M. Gunter, Out of Nowhere: The Kurds of Syria in Peace and War (London: Hurst, 2014), 3, 40–41. 18. Ismet G. Imset, The PKK: A Report on Separatist Violence in Turkey (1973–1992) (Ankara: Turkish Daily News Publications, 1992), 179. 19. Gunter, Out of Nowhere, 40–45.

20. E-mail to the author from mission participant Akil Marceau, May 28, 2019. 21. Kurdish Human Rights Project, "Culture and Languages Rights: Mother-Tongue Education in the Kurdish Regions," KHRP Briefing Paper (July 2011): 10. 22. Kirmanj, "National Identity, Self-Images and Picturing Others," 311–12. 23. Omrani, "The History of Kurdish Language in Rojava." 24. "Building the Education System in Afrin,-Part I," ANF deh and Samira Alayan (eds.), Multiple Alterities: Views of Others in Textbooks of the Middle East (Cham, Switzerland: Palgrave Macmillan, 2018); Joseph Zajda, Globalisation and National Identity in History Textbooks: The Russian Federation (Dordrecht, Netherlands: Springer, 2017); Rizia Begum Laskar, "Nation-Building and the Child: Role of Textbooks and Literature," Academia.edu (September 29, 2013), www.academia.edu/7568273; Hay Eytan Cohen Yanarocak, "The Indoctrination and Socialization of Atatürkism in Turkish Education System and the School Textbooks, 1980–2002" (PhD dissertation, Tel Aviv University, 2016).

2. See his article "Kurdish History Textbooks: Building a Nation-State within a Nation-State," The Middle East Journal 68, no. 3 (Summer 2014): 367–84. https://doi.org/10.3751/68.3.12. For more, see the article's adaption and expansion into a book chapter, "National Identity, Self-Images and Picturing Others in History School Textbooks in the Kurdistan Regional Government," in Multiple Alterities, ed. Podeh and Alayan, 307–32. See also Jordi Tejel, "The Potential of History Textbooks and Curriculum Reform in Iraqi Kurdistan within a Conflict Transformation Frame: Dealing with the Past from a Processual and Dynamic Perspective," Ethnic and Racial Studies, 38, no. 14 (2015): 2,569–83. https://doi.org/10.1080/01419870.2015.1061134. 3. The discussion on KRI textbooks complements Achim Rohde, "Change and Continuity in Arab Iraqi Education: Sunni and Shi'i Discourses in Iraqi Textbooks before and after 2003," Comparative Education Review 57, no. 4 (Nov. 2013): 711–34. https://doi.org/10.1086/671561. 4. Muhammad Talab Hilal, "دراسة عن محافظة الجزيرة: من النواحي القومية، الاجتماعية، السياسية" ["A Study on Al-Jazeera Province form (sic) Ethnic, Social and Political Aspects"] in السياسة الاستعمارية لحزب البعث السوري في غرب كردستان [The Colonial Policy of the Syrian Baath Party in Western Kurdistan] (London: WKA, Palingswick House, 2004), 54.

5. Hilal, دراسة عن محافظة الجزيرة ["A Study on Al-Jazeera Province"], 77, 92. 6. Hilal, دراسة عن محافظة الجزيرة ["A Study on Al-Jazeera Province"], 93. 7. Hilal, دراسة عن محافظة الجزيرة ["A Study on Al-Jazeera Province"], 98–100. 8. Hilal, دراسة عن محافظة الجزيرة ["A Study on Al-Jazeera Province"], 94, 99. 9. Syria Justice and Accountability Centre, "Walls Have Ears: An Analysis of Classified

facts about Dersim, part 4"], Haber Güncel, May 2, 2012, https://haberguncel.blogspot. com/2012/05/dersim-yalanlari-ve-gercekleri-4-sinan.html. 33. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 1 [Kurdish language: First grade], 34. 34. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade] (Jazira Canton: Desteya Perwede û Ferkirinê, n.d.), 41. 35. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 1 [Kurdish language: First grade], 107. 36. Zimanê Kurdî : Seretayî 3 [The Kurdish language: Third grade] (Istanbul: Gün Matbaacılık, 2013), 7. 37. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 13.

38. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 103. 39. This anniversary makes its first appearance in the Rojava curriculum in the first-grade language textbook as an important date in the month of March without explanation of the event. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 1 [Kurdish language: First grade], 138. The historical events surrounding it, including the larger Anfal genocide campaign, are included in a third-grade history book, see Dîrok Navîn 3 [Intermediate history 3] (n.p., 2019), 115. 40. Ofra Bengio, Saddam's Word: Political Discourse in Iraq (New York: Oxford University Press, 1988), 190. 41. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 2 [The Kurdish language: Second grade] (Jazira Canton: Desteya Perwerde û Fêrkirinê, 2013), 52. 42. The Turkish government lifted the ban on the celebration of Newroz in 2005, though it reinstituted a prohibition in the territories it occupied in Rojava after 2018. "Turkey Bans Newroz Celebrations for Syrian Kurds in Afrin," The New Arab, March 17, 2019. www.alaraby.co.uk/english/ News/2019/3/17/Turkey-bans-Kurdish-Newroz-celebrations-in-Afrin. 43. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 1 [Kurdish language: First grade], 100. 44. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 69. These figures are analogous to Kaveh and Zahak from Persian mythology, all having their roots in ancient Zoroastrian literature.

45. Cengiz Gunes, The Kurds in a New Middle East: The Changing Geopolitics of a Regional Conflict (London: Palgrave Macmillan, 2019), 4. In harkening back to a golden age in antiquity, the Kurdish national movement resembles others around the world. 46. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 69. 47. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 69. 48. Aliza Marcus, Blood

News, March 6, 2019, https://anfenglishmobile. com/rojava-northern-syria/building-the-education-system-in-afrin-part-i-33395. 25. "Building the Education System in Afrin, Part II," ANF News, March 7, 2019, https://anfenglish.com/rojava-northern-syria/building-the-education-system-in-afrin-part-ii-33422.

26. According to one report, most of the books used in Rojava were edited and published by the Kurdish Language Institute in Istanbul. Omrani, "The History of Kurdish Language in Rojava." 27. Mohamed Al Hussein, "Regime Shuts Schools over Teaching in Kurdish North Syria," trans. Yusra Ahmed, Zaman Al Wasl, September 29, 2015, https://en.zamanalwsl.net/news/article/11744/. 28. Sardar Mlla Drwish, "The Kurdish School Curriculum in Syria: A Step towards Self-Rule?" Atlantic Council, SyriaSource (blog), December 20, 2017, www.atlanticcouncil.org/blogs/syriasource/the-kurdish-school-curriculum-in-syria-a-step-towards-self-rule/. 29. Ahmed Shiwesh, "Rojava Administration Launches New Curriculum in Kurdish, Arabic and Assyrian," ARA News, October 7, 2016, available on the Internet Archive Wayback Machine at https:// web.archive. org/web/20200902022851/https://aranews.net/files/2016/10/rojava-administrationlaunches-new-education-system-kurdish-arabic-assyrian-2/ (September 2, 2020); "The Rojava Revolution Favours New Education System," ANF News. 30. For example, see Zimanê Kurdî: Seretayî 5 [The Kurdish language: Fifth grade] (n.p., 2019), 63.

31. Democratic Autonomous Administration, Zimanê Kurdî: Seretayî 1 [The Kurdish language: First grade] (Jazira Canton.: Desteya Perwerde û Fêrkirinê, n.d.), 82; DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 3 [Society and life: Third grade] (Jazira Canton: Desteya Perwerde û Fêrkirinê, 2013), 114. 32. Turkey had changed the name of the city of Dersim to Tunceli in 1935 in order to "Turkify" its Kurdish and Zaza population. The name change has stuck in Turkey as part of an attempt to obscure memories of the anti-government revolt there in 1937/38, which resulted in a large-scale massacre, casualty estimates of which range from 13,000 to 100,000. For more, see Senem Aslan, NationBuilding in Turkey and Morocco: Governing Kurdish and Berber Dissent (Camrbidge: Cambridge University Press, 2015), 51–52; Sinan Meydan, "Dersim Yalanları ve Gerçekleri — 4" ["Fabrications and

ond grade], 70. 73. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 14. 74. “Kurdish Female Suicide Bomber Revealed to Be Mother of Two,” Al Arabiya, October 7, 2014, https://ara.tv/zxemz.

75. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 71. 76. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 28. For more on Öcalan’s development of this idea, see Michiel Leezenberg, “The Ambiguities of Democratic Autonomy: The Kurdish Movement in Turkey and Rojava,” Southeast European and Black Sea Studies 16, no. 4 (2016): 671–90. https://doi.org/10.1080/14683857.2016.1246529 . 77. Quoted in Claus Ludwig, “Democratic Autonomy or Socialism? A Marxist View of Abdullah Öcalan’s Political Theory,” posted by user “senan,” Socialistworld.net, August 29, 2015, www.socialistworld.net/2015/08/29/kurdistan-democratic-autonomy-or-socialism/. 78. Kurdistan National Congress, “A People’s Quest for Freedom and Democratic Autonomy: Information Dossier about Rojava-Kurdistan (Syria-Kurdistan)” (Mar. 2014): 8. 79. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 44-45

80. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 62 . 81. Elizabeth Tsurkov, “U.S. Withdrawal from Syria Threatens Revival of Kurdish Language, Too,” Haaretz, April 23, 2019, www.haaretz.com/1.7159846; Drwish, “Kurdish School Curriculum in Syria.” 82. To make matters more complicated, there is also a small but longstanding diaspora community in Armenia that uses a Cyrillic alphabet. Meanwhile, there exists a dispute among Kurds and linguists about whether the dialects of Zaza communities, who live in eastern Turkey and generally write in a Latin script, should be counted as Kurdish. 83. For example, unlike the 2013 edition of the third-grade social studies book cited previously, which does not mention religion, the 2019 edition gives some space to discussions of Islam, Christianity, and Yezidism. Civak û Jiyan: Seretayî 3 [Society and life: Third grade] (n.p., 2019), 92–100. 84. KRG, General Directorate of Curriculum and Printings (K-GDCP), بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەرەت [Social studies for the sixth grade] (Erbil: Ministry of Education, 2016), 103, 112, 115,117.

85. One recent Rojava textbook does emphasize the shaykhs’ important role in modern Kurdish Identity and Belief: The PKK and the Kurdish Fight for independence (New York: NYU Press, 2009), 67. 49. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 2 [The Kurdish language: Second grade], 92. 50. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 28–29. 51. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 28.

52. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 69. 53. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 3 [Society and life: Third grade], 70 54. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 1 [Kurdish language: First grade], 106, 99. 55. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 70. 56. For a recent case of persecution against the teaching of Kurdish, see Wladimir van Wilgenburg, “Kurdish Teacher Sentenced to 10 Years in Prison in Iran,” Kurdistan 24, July 15, 2020, www.kurdistan24.net/en/news/0c003000-e114-4fa6-8f4f-c28a586ddf1e. 57. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 28. 58. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 3 [Society and life: Third grade], 73. 59. “Building the Education System in Afrin,-Part I,” ANF News. 60. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 77.

61. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 80. 62. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 117. 63. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 93. 64. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 70. 65. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 31. 66. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade] 2, 31, 52, 70

67. Indeed, a cochair of the education department in Rojava’s Jazira Canton stated explicitly that the curriculum would be based on Öcalan’s philosophy. See Harriet Allsopp and Wladimir van Wilgenburg, The Kurds of Northern Syria: Governance, Diversity and Conflicts (London: I. B. Tauris, 2019), 110. 68. For a discussion of the revolution in women’s role in Kurdish society, see Ofra Bengio, “Game Changers: Kurdish Women in Peace and War,” The Middle East Journal 70, no. 1 (Winter 2016): 30–46. https://doi.org/10.3751/70.1.12. 69. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 17–18. 70. Zimanê Kurdî: Seretayî 3 [Kurdish language: Third grade], 68. 71. DAA, Civak û Jiyan: Seretayî 2 [Society and life: Second grade], 30. 72. DAA, Zimanê Kurdî: Seretayî 2 [Kurdish language: Sec-

ish history, see Dîrok Navîn 3 [Intermediate history 3], 68–95. 86. K-GDCP, خواندن و ڕیزمانا کوردی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Kurdish reading and grammar for the sixth grade] (Erbil: Ministry of Education, 2016), 65–67; K-GDCP, بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Social studies for the sixth grade], 117. 87. K-GDCP, بابەتە کۆمەڵایاتییەکان بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی [Social studies for the fourth grade], (Erbil: Ministry of Education, 2017), 52–53; K-GDCP, بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Social studies for the sixth grade], 153. 88. K-GDCP, بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Social studies for the sixth grade], 100, 139, 169, 171; K-GDCP, خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی [Kurdish reading for the second grade] (Erbil: Ministry of Education, 2016), 31. 89. For examples, see K-GDCP, خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی [Kurdish reading for the third grade] (Erbil: Ministry of Education, 2016), 9, 18, 42, 49; K-GDCP, خوێندنی کوردی: پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، وەرزی یەکەم[Kurdish reading: First grade, first quarter] (Erbil: Ministry of Education, 2015), 51. 90. K-GDCP, بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Social studies for the sixth grade], 4. Nonetheless, in one of the KRG textbooks, there is still a map of Greater Kurdistan with the four regions labeled by cardinal direction rather than country. This duality reflects the contradictory visions of Kurdistan among Kurdish educators. See K-GDCP, بابەتە کۆمەڵایەتییەکان: پۆلی پێنجەمی بنەرەتی [Social studies: Fifth grade] (Erbil: Ministry of Education, 2017), 7. 91. In September 2017, the KRG conducted a referendum of KRI residents on the question of independence, which passed with an overwhelming majority amid high turnout. The Iraqi government and the international community, save Israel, refused to recognize the plebiscite's legitimacy. For more, see Ofra Bengio, "The Kurdistan Region of Iraq: The Dream of Independence Meets Reality," trans. Matan Uberman, Tel Aviv Notes 13, no. 6 (November 10, 2019), https://dayan.org/content/kurdistanregion-iraq-dream-independence-meets-reality.

92. K-GDCP, بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Social studies for the sixth grade], 147–49. 93. K-GDCP, خوێندنی کوردی: پۆلی یەکەمی بنەڕەتی [Kurdish reading: First grade], 63. 94. K-GDCP, بابەتێن کۆمەڵایەتی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Social studies for the sixth grade], 120–28. It should be noted that a recent Rojava textbook does highlight Barzani's role in the struggle for the Mahabad republic, see Dîrok Navîn 3 [Intermediate history 3], 102–4. 95. K-GDCP, خوێندنی کوردی: پۆلی یەکەمی بنەڕەتی [Kurdish reading: First grade], 3, 13, 20, 100. 96. K-GDCP, خوێندنی کوردی: پۆلی یەکەمی بنەڕەتی [Kurdish reading: First grade], 31, 34, 36, 45, 47, 51.

97. K-GDCP, خوێندنی کوردی: پۆلی یەکەمی بنەڕەتی [Kurdish reading: First grade], 5, 11, 13, 17, 63–66, 145. 98. K-GDCP, خوێندنی کوردی: پۆلی یەکەمی بنەڕەتی [Kurdish reading: First grade], 133. The KRG briefly controlled Kirkuk after the Pershmerga took control over it in 2014, but what many Kurds saw as a dream come true unravelled when the central government retook it in October 2017, one month after the referendum on KRI independence. For more, see Bengio, "The Kurdistan Region of Iraq." 99. K-GDCP, خواندن و ڕیزمانا کوردی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Kurdish reading and grammar for the sixth grade], 75. 100. K-GDCP, خواندن و ڕیزمانا کوردی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت [Kurdish reading and grammar for the sixth grade], 97–98. It should be noted though that the more recent Rojava history textbook that mentions Barzani's role in the Mahabad republic also gives a place of honor to Leyla Qasim alongside other Kurdish heroines. Dîrok Navîn 3 [Intermediate history 3], 133–39. For more on Qasim, see Leyla Pekoz Caliskan, "Leyla Qasim: Symbol of Freedom, and Independence," Kurdistan Tribune, March 8, 2014, https://kurdistantribune.com/leyla-qasim-symbol-of-freedom-independence/.

101. Mewan Ahmed M. Mustafa, "The Role of the Education System in Consolidating Democracy in the Kurdistan Region of Iraq: 2003–2015," (BA dissertation, University of Kurdistan– Hewler, June 10, 2015), 21. 102. Allsopp and van Wilgenburg, The Kurds of Northern Syria, 111. 103. Abdurrahman Wahab, "The Futility of Market-Based Reform in Education: The Case of the Iraqi Kurdistan Region," in Confronting Educational Policy in Neoliberal Times: International Perspectives, ed. Stephanie Chitpin and John P. Portelli (London: Routledge, 2019), 132–38. 104. Sibel Kulaksiz et al., "The Kurdistan Region of Iraq: Assessing the Economic and Social Impact of the Syrian Conflict and ISIS," World Bank Group report no. 95808 (April 16, 2015): 58.

105. Rawa Barwari, "Turkey Trains 'Syrian' Teachers at Islamic School in Afrin, Turkifies Curriculum," Kurdistan 24, February 3, 2019, www.kurdistan24.net/en/news/d4f063fb-d139-42ee-b80433aac81aa0e9.